گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue SpC 2024
ID No. 1693 (PP 74-93)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.SpC.5

توێژینەوە

# زەمینە کۆمەڵایەتییەکانی فێمینیزم و ڕەهەندەکانی گەشەکردنی:
# توێژینەوەیەکی تیۆری شیکاریە

**فاتیمە موراد مەلا/** بەشی کۆمەڵناسی،کۆلێژی ئاداب،زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان،عێراق

**محمد حسین شوانی/** بەشی کۆمەڵناسی،کۆلێژی ئاداب،زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان،عێراق

**پوختە**

فێمینیزم بەو بزوتنەوانە دەگوترێت کە داوای یەکسانی ژن و پیاو دەکەن، سەرهەڵدانی بە بەراورد بە مێژووی کێشەکە تەمەنێکی زۆری نیە، بەڵکو ململانێی نێوان هەردوو ڕەگەز لەسەر باڵادەستی یەکێکیان و پاشکۆیەتی ئەویتر و دەربڕینی ناڕەزایەتی لەلایەن ژنانەوە زۆر کۆنە. فێمینیزم چ وەک بزاڤێکی کۆمەڵایەتی و چ وەک کۆمەڵە بیر و هزرێک کە شەرعیەت بەو بزاڤە دەبەخشێت، نمونەی کردەیەکی بە کۆمەڵە. ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر زەمینە کۆمەلایەتیەکانی ئەو بزاڤە و قۆناغەکانی گەشکردنی، ئامانجی تویژینەوەکە ڕوونکردنەوەی زەمینە کۆمەلایەتیەکانە بۆ سەرهەلدانی فێمینیزم دوواتر چۆنەیتی گەشەکردنی ئەو داواکاریانەی ژنان خەباتیان بۆ کردووە، بە تایبەت سەردەمی ڕێنیسانس لە ئەوروپا و گۆرانکاریە کۆمەلایەتیەکان و ڕەنگدانەوەی لەسەر خۆرێکخستنی ژنان و خەبات لە پێناوی یەکسانیدا. پەیوەندی ئەمانە بە شۆرشی پیشەسازی و دەرچونی ئافرەت کە لە بنچینەدا ژیانی کۆمەلایەتی کۆمەڵگایان گۆری، بە کردەیی ئەرکی ئافرەتانی یەکسان کرد بە پیاوان لە کارگەکاندا، تا لە کۆتاییدا تا ڕادەیەک ژنانی یەکسان کرد بە پیاوان لە مافەکانیشدا، کۆمەڵگای کوردی ئەو گۆرانکاریە گەورانەی بە خۆیەوە نەبینیوە ، لە ماوەی هەزار ساڵی ڕابردوودا شۆڕشی گەورەو وەرچەرخانی قوڵ لە بونیادی کۆمەلایەتی و سیستەمی بەرهەمهێنان لە کوردستاندا دروست نەبوە، بۆیە ئەو بزوتنەوانەی بە خۆیەوە نەدیوە و زەمینە کۆمەلایەتیەکانی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی لەم جۆرەی تێدا نەرەخساوە.

CORRSPONDANCE
**فاتیمە موراد مەلا**
arso42620@student.su.edu.krd

وەرگرتن 2024/01/17
پەسندکردن 2024/04/16
بڵاوکردنەوە 2024/12/15

**وشە سەرەکییەکان:**
زەمینەی کۆمەلایەتی،
فێمینیزم،
ڕەهەند ،
گەشەکردن.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی:**

پرسی ژن پرسێکی جیهانیە و هەر لەکۆنەوە تا رادەیەکی زۆر بارودۆخی ژنان لە هەموو کۆمەڵگاکاندا هاوشێوە بووە، تا ئێستاش لەگەڵدا بێت بابەتی سەرەکی پرسەکە نایەکسانی جێندەرییە کە خۆی لە کۆمەڵێک ماف و ئەرکدا دەبینێتەوە. ئەم نایەکسانیە مێژوویەکی دورودرێژی قۆناخ بە قۆناخی هەیە دەتوانین بڵێین لەهیچ قۆناخێکدا بەهۆی فاکتەری سروشتی و کۆمەڵایەتی یەکسانی هەردوو رەگەز نەک هەر فەراهەم نەبووە بەڵکو هاوکێشەکە زۆر لاسەنگیش بووە. لەسەرەتاوە ئەم لاسەنگبوونە پاڵی بە ئافرەتان ناوە داوای هەندێک لەمافە سەرەتاییەکانیان بکەن تابتوانن وەکو پیاوان سود لە تواناو بەهرەکانیان وەرگرن بۆ خۆشگوزەرانی و پێگەیەکی شایستەتر لەژیانی کۆمەڵایەتیدا، دواتر لەگەڵ بەرەوپێشچوونی جیهان و زیادبوونی داخوازییەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەگشتی ژنانیش وەکو بەشێک لە گۆڕانکارییەکان ئامادەییان هەبووە و هەیە لە بنیاتنان و سەرخستنی سیستمێکی دیمۆکراسی کەتیایدا ماف و ئەرکەکان لەسەر بنەمای یەکسانی جێندەری دیاری بکرێن.

بێگومان لە هەڵبژاردنی هەر بابەتێکدا بۆ توێژینەوە، کۆمەڵێك پاڵنەر هەن، بۆ هاندانی توێژەر تاوەکو ئەم بابەتەیان هەڵبژێرێت، نەك بابەتێکی تر. لەو هۆکارانەش هەندێکیان پاڵنەری بابەتین کە پەیوەستن بە گرنگی بابەتەکەو گەرم و گوڕی دیاردەکە و گرنگی و بایەخی بۆ کۆمەڵگە و گونجانی بابەتەکە لەگەڵ میتۆد و توێژینەوەی زانستی و چەندین هۆکاری تر، هەندێکی تر لەو هۆکارانە، هۆکاری خودین و پەیوەندیان بە حەز و ئارەزوو توانای کەسی و زانستی و جەستەیی خودی توێژەرەوە هەیە.. بۆیە لەم توێژینەوەیەشدا هەموو ئەو بوارانە رۆڵیان هەیە لە هەڵبژاردنیدا، لە رووی خودیەوە تویژەر ماوەیەکی زۆرە لە بواری ژناندا کار دەکات و پرسی جێندەری بووەتە یەکیک لە خولیاکانی ، هەروەها لە رووی بابەتیشەوە ئیستا لە هەرێمی کوردستان بە دەیان سەنتەر و رێکخراو و کۆمەلەی جۆراوجۆر بە داکۆکی کردن لە ژنان دروستبوون، لە جێگای خۆیەتی ئاوڕدانەوەیەک لە رابردووی ئەم بزاوتە بکەین و بەراوردی بکەین بە روشی کۆمەلایەتی خۆمان هەتا لە راستی گرفتەکانمان تیبگەین کە لە ژیانی کۆمەلایەتی خۆماندا سەریانهەڵداوە یان هاوردەکراون.

ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە پوختە، پێشەکی، سێ بەش و ئەنجام و راسپاردە و پێشنیارەکان. بەشی یەکەم تایبەتە بە رەهەندەکانی توێژینەوە و دیاریکردنی چەمکەکان، بەشی دووەم تایبەتە بە زەمینە کۆمەڵایەتییەکانی سەرهەڵدانی فێمینیزم لێکەوتەکانی لە دوو باسدا گرنگترین ئەو زەمینە کۆمەڵایەتیانە وەک فاکتەری سەرەتایی دەرکەوتنی دیاردەکە خراونەتەڕوو. لەبەشی سێیەم تایبەتە بە رەوشی کۆمەڵایەتی کوردستان، رەوشی فێمینیزم لە کوردستان و بارودۆخی ژنانی کوردستان. لەکۆتاییشدا ئەنجامەکان و راسپاردە و پێشنیارەکان خراونەتەڕوو.

## ١-رەهەندەکانی توێژینەوەکە و دیاریکردنی چەمکەکان :

### ١-١-رەهەندەکانی توێژینەوەکە:

#### ١-١-١گرفتی توێژینەوەکە :

فێمینیزم وەکو بزاڤێکی سیاسی و رزگاری ژنان لەدوای سەرهەڵدانی سەردەمی رۆشنگەری بۆ شرۆڤەی سیستمەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئەو قۆناخە بەدەرکەوت، پێگەی ئافرەتی لەم بونیادەدا خستە بەردەم چەندین پرسیاری هزری و فەلسەفی، بۆ وەڵامدانەوەیان داوای خۆ رێکخستنی ژنان و خەباتی مەدەنیانەی کرد. لە ئەنجامی ئەمەشدا هەندێک گۆڕانکاری ریشەیی لە پێگە و ژیانی ئافرەتاندا هاتە کایەوە. زەمینە کۆمەڵایەتیەکانی سەرهەڵدانی بزوتنەوە فێمینستیەکان باتبەتێکی کۆمەڵناسی گرنگن ،بۆیە گرفتی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە روونکردنەوەی ئەو زەمینە کۆمەڵایەتیەی بووە هۆی سەرهەڵدان و گەشەکردنی فێمینیزم لە رۆژئاو و بەراوردی بە رەوشی کۆمەلایەتی کۆمەڵگای کوردی. ئایا زەمینە کۆمەڵایەتییەکانی سەرهەڵدانی فێمینیزم چۆن بووە؟ ئایا پەیوەندی ئەم بزوتنەوانە بە ژینگەی کۆمەڵایەتی ئافرەتانەوە چیە؟

#### ١-١-٢- گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی توێژینەوە زانستیەکان لە دوو بواردا بەدەردەکەون یەکەم لە بواری تیۆریدا بە هۆی گەران و پشکنین و بەدوواداچونیان بۆ باگراوندی تیۆری توێژینەوەکانی پیشوو و ئەو سەرچاوانەی لەسەر ئەو بابەتە نوسراون بۆ وەڵامدانەوەی پرسی سەرەکی توێژینەوەکە ،هەمیشە دەبنە مایەی کەڵەکە بوونی زانست وزانیاری زیاتر لەسەر دیاردەو رووداوو بابەتی توێژینەوەکانیان ،بۆیە ئەم توێژینەوەیەش لە رووی تیۆریەوە دەوڵەمەندی زمانی کوردی لە بواری ئەکادیمی و تویژینەوەی زانستی لێ دەکەوێتەوە، لە رووی پراکتیکیشەوە بەستنەوەی دیاردەکان بە زەمینەی کۆمەڵایەتی دروستبوونیانەوە بەرچاورونی دەدات لایەنی پەیوەندار و گروپە کاراکانی کۆمەڵگای کوردی دروشمی ناواقعی و دوور لە جیبەجیکردن بەرزنەکەنەوە.

**١-١-٣- ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

أ- زانینی قۆناخە مێژووییەکانی سەرهەڵدانی رەوتە فێمینیزمەکان لە مێژوودا.

ب- ناساندنی خەسڵەت و تایبەتمندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو قۆناخانە کە رەوتە فێمینیزمەکان تیایدا سەریهەڵداوە.

ج- دەرخستنی گرنگترین فاکتەرەکانی گەشەکردنی رەوتی فێمینیزمی رۆژئاوا.

د- دیاریکردنی رەوشی فێمینیزم لە باشوری کوردستان و پێگەی ژنی کورد.

**١-٢- پێناسەی چەمکەکان:**

دیاری کردنی چەمکەکان و پێناسەیەکی زانستی بۆیان لە توێژینەوەدا بە یەکێك لە هەنگاوە بنچینەییەکان دادەنرێت ،لە ناونیشانەکەدا دەبێ توێژەر ئاگاداری چەمکە سەرەکیەکانی توێژینەوەکەی بێت و ماناکانیان روون بکاتەوە ، لەم توێژینەوەیەشدا چەند چەمکێکی سەرەکی هاتوون ، کە بریتن لە :-

**١-٢-١- زەمینەی کۆمەڵایەتی : Social Context**

مەبەست لە زەمینەی کۆمەڵایەتی ئەو چوارچیوە گشتی و بونیادە کۆمەڵایەتیەیە کە هەر بزوتنەوەو کۆمەڵەو ریکخراوێکی تێدا دروست دەبێت، بە مانایەک لە ماناکانی ژینگەی کۆمەڵایەتی و تۆڕی پەیوەندیەکانی تاک دەگرێتەوە بەوانی دیکەوە، ئەمەش تەواوی رەگەزەکانی ژینگەی تاک دەگرێتەوە، بە تایبەت کارلێکی لەگەڵ دەوروبەر و شێوازی بیرکردنەوەو جیهانبینی تاک و گروپەکان کە چۆنیەتی بەرهەمهێنان و داب و نەریتی کۆمەڵگا و رێورەسمە کۆمەڵایەتیەکان دیاری دەکەن، بۆیە بۆ تێگەیشتن لە رووداوە مێژووییەکان یان هەر رەوتێکی مێژوویی پێویستە سەرەتا لە شێوازە نوێیەکانی بەرهەمهێنان و گۆرانە کۆمەڵایەتیەکان تێبگەین (شرایمی، ١٩٩٧، ٦١). لێرەدا مەبەست لە زەمینەی کۆمەڵایەتی تەواوی هۆکارە خودی و بابەتیەکانی ژینگەی کۆمەڵایەتی سەرهەڵدانی فێمینیزم دەگرێتەوە لە رۆژئاوا.

**١-٢-٢- فێمینیزم: Feminism**

وشەی فێمینیزم وەك چەمکێکی سیاسی بۆ یەکەمینجار لەساڵی (1890) لە ژمارە یەکی رۆژنامەی (la frowned) لەلایەن (Marguerite Durand) بەکارهاتووە. بەر لەمە لە بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەواتای ژنان یاخود سیفەتی ژنانەی دەبەخشی. زاراوەکە لەبنەرەتدا لەزمانی فەرەنسییەوە وەرگیراوە، لەزمانی ئینگلیزیشدا لەبری زاراوەی (womanism) یاخود (woman's movement) بەکاردەبرێت. بە کوردی دەبێتە بزوتنەوەی ژنان، وەکوتێرمێك هەموو چالاکییەکانی ئافرەتان دەگرێتەوە لەو رێکخراوانەدا خەبات لە پێناوی یەکسانی ئافرەتان و پیاوان دەکەن (قەرەداخی، ٢٠٠٥، ١٧). فێمنزم وەك بزاڤێکی کۆمەڵایەتی و هزری لەفراوانترین مانایدا لەهەوڵی بەرزکردنی پێگەی ژناندایە، وەك توێژێك لەکۆمەڵگادا، چاوەڕێش دەکرێت وەکو هەر بزاڤێکی کۆمەڵایەتی و هزری پێگەی نزمی ئەو گروپە واتا ژنان، راڤە بکات و هۆ و فاکتەرە کاریگەرەکان لەسەر ئەم رەوشە رونبکاتەوە، وێنەیەکی ئەو کۆمەڵگە خوازراوەی کەتیایدا ژنان بەهرەمەندن لەرەوشێکی گونجاو، بخاتەرو، کۆمەڵە داواکارییەك بۆ گەیشتن بەم ئامانجەی بخاتە ناو پرۆگرامەکەی و دواجار لەگەڵ دیاریکردنی ستراتیژی کارەکەی ئەو شێوازە کاریگەرانە بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی دەستنیشان بکات (موشیرزادە، ٢٠٠٥، ٦). لێرەدا مەبەست لە فێمینزم کۆی خەبات و چالاکی ژنانە لەپێناوی بەدیهێنانی ئازادی و یەکسانی لە ئەرک و مافدا، دوور لەهەر چەشنە هەڵاوێردنێکی فیزیکی، کۆمەڵایەتی، دەرونی، سیاسی و کلتوری.

**١-٢-٣- رەهەند: Distance**

چەمکی رەهەند سەرەتا لە بواری ئەندازەو رووپێوو زانستەکانی تایبەت بە شێوەو قەبارەو دووری وئەوانەدا بەکارهاتووە، دوواتر وەکو زۆر چەمکی ترو پەیوەندی نێوانیان پەرپوەتەوە ناو زانستەکانیتر و یەکێك لەو زانستانەش کۆمەڵناسیە. روانگەی سۆسیۆلۆژیانە بۆ پێکهاتە بایۆلۆژیە جیاوازەکان لە کاتی پێکگەیشتن و پێکەوە ژیان و تێکەڵ بوونی بەرژەوەندەیکانیاندا، ئایا چۆن ئەم پێکهاتە جیاوازانە رەهەندێك یان دوورایيەکی کۆمەڵایەتی درووست دەکەن و رێگا لە کارلێك و تێکەڵاوی گروپەکان دەگرێت. واتە رەهەند لە زانستی کۆمەڵناسی و بە تایبەت بە لقە زانستی دەروناسی کۆمەڵایەتیدا وەکو چەمکێکی کۆمەڵناسی ئەو دووری و نزیکیانە دەگرێتەوە لە پەیوەندی نێوان پێکهێنەرانی بونیادی کۆمەڵایەتیدا هەیە، یەکەم کەسێك چەمکی رەهەندەکانی لە بواری زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا بەکار هێنابێت زانایەکی دەروناسی کۆمەڵایەتیە بە ناوی (بوگاردۆس)کاتێك توێژینەوەی لەسەر پەیوەندی نێوان گروپ و یەکە و رێکخراوەکان دەکرد بۆ زانینی ئاستی دۆستایەتی و خۆشەویستی، یان رق و کینەی نێوانیان. چەمکی رەهەند هەر لە بواری کۆمەڵایەتی و دەروناسی کۆمەڵایەتیدا بەکارنەهاتووە بەڵکو لە رووی سیاسیشەوە دەستەواژەی ناسیونالیزمی دوور مەودا بۆ یەکەم جار لەلایەن بێندکت ئەندرسۆنەوە بەکار هات، ئەو پێی دەڵێت مەودا بەڵام بە مانای وەسفکردنی ناسیونالیزمی

پەنابەران و رەوکردووەکانی دەرەوە بەکاری هێناوە، واتە وەسفکردنی ژیانی سیاسی ئەو ناسیونالیستانەی کە بۆ دەرەوەی نیشتمانی خۆیان رەویان کردووە، ئەوانەی لەدوورەوەڕا تەماشاو لە دوورەوەڕا بەشداری بزوتنەوە سیاسیەکانی وڵاتی خۆیان دەکەن(قانع، ٢٠٠٥، ٤٧)، لیرەدا مەبەست لە رەهەند مەوداو فراوانی رەوتی فیمینیستیە لە پانتایی ژیانی کۆمەلایەتیدا.

**١-٢-٤- گەشەکردن: Development**

گەشەسەندن جۆرێکە لە جۆرەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، بەڵام تارادەیەکی زۆر پرۆسەیەکی گۆڕانکاری پلان بۆ داڕێژراوە بەرەو بەدیهێنانی ئامانجەکانی باشترکردنی کۆمەڵگا، بەو پێیەی کە ئەم پرۆسەیە بریتیە لە گەشەکردنێکی بەردەوامی هەموو بەرهەمی نەتەوەی رەگەزەوە بەرهەمی نەتەوەیین، چ لە رووی چەندایەتی بە گەورەبوونی قەبارەو زۆربوونی دانیشتوان یان لە رووی چەندایەتیەوە بە باشتربوونی ژیان و بەرزبوونەوەیە ئاستی خوێندەواری و تواناسازیەکان و پسپۆری بێت جۆرێکە لەگەشەی کۆمەلایەتی و گۆڕان لە بونیادی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایەدا. واتە گەشەپێدان بریتیە لە بەرنامەی گۆڕینی رەوشێك بەم مانایەی گەشەپێدان هەمان مانای گۆڕینی نەخشەبۆدانراوە (التغییر المخطط) یان پلانی ناوەندی (التخطیط المركزی) دەگەیەنێت، کۆی ئەو هەوڵ و تەقەڵاو کۆششانەیە کە مرۆڤ بە مەبەستی پێشکەوتن و بەدی هێنانی خۆشگوزەرانی بۆ هاوڵاتیان و بۆ کۆمەڵگا دەیدات (شکارە، ١٩٧٥، ٩٥). لێرەدا مەبەست لە گەشەکردن بریتییە لە دەرهاویشتەکانی خەباتی ژنان و ئەو گۆڕانکارییەی بەسەر پێگە و ئەرکی ژناندا هات لە گۆڕانی پیشەی ژنان لە کاری ماڵەوە بۆ کارخانەکان، خەباتی رێکخراوەیی، وەرگرتنی مافە مەدەنی و سیاسییەکان.

**٢- زەمینە کۆمەڵایەتییەکانی سەرهەڵدانی فێمینیزم و رەنگدانەوە کۆمەڵایەتییەکانی:**

**٢-١- زەمینە کۆمەڵایەتییەکانی سەرهەڵدانی فێمینیزم**

زۆرینەی ئەو نوسەرو توێژەرانەی کە لێکۆڵینەوەو توێژینەوەیان دەربارەی فێمینیزم کردوە، کۆمەڵێک هۆکارو زەمینەسازی بۆپەیدابوونی رەگوریشەی فیمینیزم وهۆشیاربوونەوەی ژنان دەستنیشان دەکەن، بەهەمان شێوە بۆ دەستنیشانکردنی مێژووەکەشی راوبۆچونی جیاواز هەنە، بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستن، هەندێکیان بۆچوار قۆناخ دابەشیدەکەن و باس لەوە دەکەن کە لەسێ قۆناخی سەرەتادا فێمینیزم دەکەوێتە پێش دەرکەوتنی چەمکەکەوە بەم شێوەیە، واباس دەکرێت قۆناخی یەکەم لەسپێدەی ئاگایی مرۆڤایەتییەوە دەستپێکردووەو پرسی ژن هەمیشە لەگەڵماندا بووە، قۆناخی دووەم، لەسەرەتای سەدەی پازدەهەم و لەگەڵ بڵاوبونەوەی کتێبی (شاری خانمان)ی کریستین دی پێزان دەست پێدەکات. قۆناخی سێیەمیش لەسەدەی حەڤدەوە دەستپێدەکات کە هاوکاتە لەگەڵ نوسینەکانی خانمە نوسەر (ئافرا بێن)، کە ژنێکی زۆر بەتوانا بووەو کاری هەواڵگری بۆ چارلزی دووەم لەدژی هۆڵەندا دەکردو هەروەها حەڤدە شانۆنامەو سێزدە کورتە چیرۆکی نوسیوەو باسی بیری یەکسانی ژنانی کردووە. قۆناخی چوارەمیش کۆتایی سەدەی هەژدەهەمەو بە نوسینی کتێبی (بەریگری لەمافەکانی ژنان) ی ماری ویلستنکرافت دەستپێدەکات (ڤینسنت، ٢٠٠٣، ٢٧-٢٩). هەندێ نوسەری دیکە سەرەتاکانی قۆناخی هۆشیاربونەوەی ژنان دەگەڕێننەوە بۆ چوارچێوەیەکی ئایینی، لەوانە توێژەری ئەمریکی (مارگرێت واڵتەرز) باس لەو ژنە راهیبانە دەکات کە لەکونجی پەرستگاکاندا خەریکی خۆ رێکخستن بوون، بە نموونە هیلدیگارد بینگن، کە لەکۆتاییەکانی سەدەی یازدە لەدایکبووە، بوو بە راهیبە، پاشان گەورەی راهیبەکان لە پەرستگەیەکی بچووکی شارۆچکەی رایلاند، بەوە ناسراوە کە نوسەرێکی بێوێنەو سەرنجراکێش بووە، لەم دواییانەش بەهرە موزیکیەکەی دۆزرایەوە، لەتەمەنی ٦٠ ساڵیدا دەستی بەگەشتێکی بانگەوازکاری کرد بۆ مەسیحیەت لەسەرانسەری ئیمپراتۆرییەتی ئەڵمانیادا، لەو کاتەدا تەنها پیاوە قەشەکان بۆیان هەبوو ئەم کارە بکەن (Walters, 2005, 6). جوانا ئینیە یەکێکیترە لەو ژنە راهیبانەی کە ژیانی راهیبیی لە جێگەی ژیانی هاوسەرداری و زەماوەندکردن هەڵبژاردووە، خەڵکی وڵاتی مەکسیک بووە و لەناو دێردا دەرفەتی ئەوەی بەدەستهێناوە کە یەکەمین شاکاری شیعری ئەمریکای لاتین بنوسێت، بەڵام هەرزوو دادگەی تەفتیش بۆ هەمیشە بێدەنگیان کرد (واتکنز، ٢٠٠٥، ١٨) جولیان نۆوریچ (Julian Norwich) یەکێکە لە ژنە راهیبەکانی ئینگلیز، لەشاری نۆرویچ لەسەدەی ١٤ لەدایکبووە، نوسینەکانی لەدوو دەق پێکهاتوون کە بەدەقی کورت ودەقی درێژ ناسراون لەژێر ناوی (Revelations of Divine Love)، وادیارە ماوەی نێوان نوسینی ئەم دوو دەقە ٢٠ ساڵی خایاندووە، رەنگبێ ئەو لەدێر فێری نوسین و خوێندنی ئایینی بووبێت، پاشان دەستی بەکاری بانگەوازی بۆ ئایینی مەسیحی کردووە (Sheldrake, 2019, 19). بەڵام لەبەر ئەوەی کاری باگخوازی بۆ ژنان قەدەغە بووەو هەرتەنها پیاوانی ئایینی توانیویانە ئەنجامی بدەن، بۆیە دەڵێت: (تەنها لەبەر ئەوەی ژنم ئیتر نابێ باسی چاکەی خوداتان بۆ بکەم، خودا دایکی راستەقینەمانە کە لێوەی لەدایک دەبین و دەمانپارێزێت، ئێمە لەدایکایەتی بەزەیی و خۆشەویستی فێردەبین، دانایی و مەعریفە بۆ سروشتی دایکایەتی دەگەڕێتەوە، سەرەڕای ئەوەی لەدایکبونی جەستەمان بە بەراورد

بە لەدایکبوونی رۆحمان نزمترە، بەڵام ئەویش هەر لەلایەن ژنانەوە ئەنجام دەدرێت (Walters, 2005, 7). لەبۆچونەکانی دەردەکەوێت کە ژنی لەخودا چواندووەو پێی وابووە کە رۆحمان لەخودا لەدایک دەبێت و جەستەشمان لە ژن واتە لەدیدی ئەو خوداو ژن تەواوکەری یەکترن. کۆمەڵگای ئەورووپی لە چاخەکانی ناوەراستدا کۆمەڵگایەکی ئاینی بوو، کەنیسە کۆنترۆلی ژیانی کۆمەلایەتی کردبوو، ژیان لەکەنیسەکاندا بۆ ژن لەو سەردەمدا دەستکەوتێک بووە، بەردەوام شەڕو راپەڕین هەبووەو دیاردەیەکی ئاسایی بووە، زۆر لەژنان بۆ راکردن لەو واقیعە و بۆ گەیشتن بە ئارامی و ئاشتی کەنیسەیان کردبووە ئارامگەی خۆیان. راهیبە پیاو و ژنەکان خۆیان بەکار و خوێندنەوە خەریک کردبوو، قوتابخانەیان کردبوەوە و خزمەتی نەخۆشانیان دەکرد. ئەو ژنانەی لەدێرەکاندا وەکو راهیبە ژیانیان کردبێت جا بەهەر هۆکارێک ژیانکردن لە دێرەکانیان هەڵبژاردبێت بە ئارەزوومەندانە بووبێت یاخود بە زۆرەملێ بووبێت، خاوەنی چەند بەهرەیەک بوونە و لەوێشدا زیاتر دەرفەتی خۆ بەرەو پێشبردن و پەرەپێدانی بەهرەکەیان بۆ رەخساوە بەهۆی فێربوونی نوسین و خوێندنی ئایینییەوە، بەڵام ئەگەر لە کونجیماڵەکان و لەناو خێزانەکانیاندا ژیانیان بکردایە ئەو دەرفەتەیان بۆ نەدەڕەخسا، چونکە ئەوکات خوێندن و فێربوونی ئافرەتان وەکو کلتور و نەریت لە کۆمەڵگەکاندا نەبووەو بگرە قەدەغەش بووە. بەڵام واپێدەچێ خوێندنی بابەتی ئایینی و بەتایبەت بۆ راهیبەکان مافێکی ئاسایی بووبێت، لەلایەکی دیکەوە ئەو راهیبانە لەژیانی خێزانی وهاوسەرداری دوورکەوتونەتەوە زیاتر بیرکردنەوەو تێڕامان لەدەوروبەریان بۆ رەخساوە، دەکرێ ئەم هەوڵانە بەرز بنرخێندرێن و وەکو هەوڵی تاکەکەسی بۆ خودهۆشیاری و ئەنجامدانی هەندی چالاکی ئایینی لەقەڵەمیان بدەین، ئەم ژنانە سەرەڕای ئەم هەموو توانا و لێهاتووییەیان بەڵام بەهۆی پابەندبوونیان بە دەقەکانی ئایین نەیانتوانیوە نەک لەسەر ئاستی کۆمەڵ بەڵکو بۆ خودی خۆشیان هیچ گۆڕانکارییەک دروست بکەن، لەهەمان کاتیشدا درکیان بەنابەرامبەری و بێمافی کردووە، هەستیان بە بوونی سیستمێکی نادادپەروەری کردووە، بەڵام وەکو هۆکارێکی سەرەکی سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی رەگەزی وەکو فێمینیزم، فاکتەری بەهێزترو دنیا بینییەکی فراوانتری پێویستە، لەلایەکی دیکەوە ئەوکات هەر خودی ئایین و دەقەکانی کە لە هەناوی سیستمی پیاوسالاریدا لەدایکبوون و هەم وەکو دەزگایەکی بەرهەمهێنانەوەی سیستمی پیاو سالاری هەمیش رێگرێکی سەرەکی بوون لەبەردەم چارەنوس و مافەکانی ژنان و یەکسانبیان لەگەڵ پیاودا. تێڕوانینی کەنیسەی کاثۆلیکی رۆڵێکی گەورەی هەبوو لەدیاریکردی پێگەی ژن لەکۆمەڵگەدا، دەسەڵاتی کەنیسە باڵی بەسەر هەموو سنوورە نەتەوایەتییەکاندا کیشابوو، تەنیا تێڕوانینێکی ئایینی نەبوو بەڵکو سیاسی و کولتوریش بوو، تێگەیشتنی کەنیسە یەکلایەنە نەبوو ئەوەی بڕیاردەر بوو لەو تێگەیشتنە تێکستەکانی ئینجیل و قەشەی کەنیسەکان بوون. بەنموونە، لەدەقەکانی نامەی پۆڵسی قەدیسدا هاتووە: ژنەکان فێری بێدەنگی و ملکەچی بکەن، چونکە حەوا لەدوای ئادەمە، ئادەم هەڵنەخەڵەتا بەڵام حەوا فریویدا، لەگەڵ منداڵبوون تاوانەکەی لەسەر نامێنێت ئەگەر باوەڕدارن خۆشەویستیان پێببەخشن.(رسالة القديس بولس الاولى الى أهل قورنتس٣٤:١٤-٣٥). هەروەها لەدەقێکیتردا هاتووە: (ئەی ژنەکان ملکەچی پیاوەکانتان بن وەک چۆن بۆ خودا ملکەچ دەکەن، چونکە پیاو سەری ژنە وەک چۆن مەسیح سەری کەنیسە بوو، ئەمەش رزگارکردنی جەستەیە. هەوەکو چۆن کەنیسە ملکەچی مەسیح بوو بەهەمان شێوە ژنیش بۆ پیاو)، (رسالة القديس بولس الى أهل أفسس٢٢:٥-٢٤). لەسەدەکانی ناوەڕاست لەئەوروپا کە لانکەی لەدایکبوونی فێمینیزمە، هەر بەتەنها دێرەکان هەبوون بۆ ئەوەی ژنان لێیەوە فێری خوێندەواری ببن و بەهۆیەوە هەندێک لەو ژنانەی کەباسکران و چەندانی تریش درکیان بە جیاوازی و نادادی کردووە بەڵام بەهۆی زاڵی سیستمی دەرەبەگایەتی و پاڵپشت بە دەسەڵاتی کڵێسا و ئایینی مەسیحی کە پەرەیان بە باڵادەستی پیاو و ملکەچی ژنان دەدا، نەیانتوانیوە لەسەر ئاستی کۆمەڵگە یاخود کۆبوونەوە لەدەوری بزاڤێکی رەگەزی خۆیان بیبننەوە.

### ٢-١-١- سەردەمی رێنیسانس لەئەوروپا و پرۆتۆ فێمینیستەکان

زاراوەی رێنیسانس (Renaissance) لە رووی زمانەوانییەوە بەواتای لەدایکبوونەوە دێت، بۆ ناولێنانی بەشێکی مێژووی ئەوروپا بەکارهێنراوە، کۆمەڵگەی ئەوروپایی بەهۆی کاریگەری کۆمەڵێک بارودۆخەوە، لەخەوی قووڵی سەدەکانی ناوەڕاست بەخەبەر هاتەوە، لەم سەردەمەدا گۆڕانی هەمەلایەنە لەژیانی کۆمەڵایەتی ئەورووپییەکاندا روویداوە (موحسنی، ٢٠٠٥، ٩٥). لەگرنگترین تایبەتمەندییەکانی چاخی رێنیسانس بریتیبوون لە گەشەسەندنی زانست و مەعریفە، دۆزینەوە جوگرافییەکان بەتایبەت دۆزینەوەی کیشوەری ئەمەریکا، چاکسازی ئایینی و کەمبوونەوەی دەسەڵاتی کەنیسە و گواستنەوەی دەسەڵات بۆ حکومەت، دۆزینەوەی ئامێری چاپ لەلایەن گۆتەنبێرگی ئەڵمانی لەساڵی (١٤٥٠) کەبووە هۆی بڵاوبوونەوەی هەزاران کتێب لەسەرتاسەری ئەوروپادا. خەباتێک بوو بۆ پێشکەوتن و گەشەکردن، بەڵام ئەو دەروازانەی بۆ ئەم پێشکەوتنانە کرانەوە تەنها بەڕووی پیاواندا بوون، بۆیە رێنیسانس جیهانێکی تەواو پیاوانەی دروستکرد، پیاوێک بەتەواوی توانا جەستەیی و رۆحی هزرییەکانیەوە (رودگر، ٢٠١٩، ص٢٨). هەربۆیە لەهەندێلاوە درێژکراوەی سەدەکانی ناوەڕاست بوو بەتایبەتی رەوش و بارودۆخی ژنان گۆڕانێکی ئەوتۆی بەخۆوە نەدیبوو

(Jordan, 1990, 2). چونكە وەک ئاشكرایە ڕێنیسانس سەردەمی گواستنەوەیە لەسەدەكانی ناوەڕاستەوە بۆ سەردەمە نوێیەكە، سەدەكانی چواردە تا شانزەی زایینی دەگرێتەوە، لەگەڵ رووخانی قوستەنتینیە كەشارەكە دەگیرێت زاناكان بەرەو ئیتاڵیا كۆچ دەكەن و هەموو زانیاری و سەرچاوە كۆنەكانی یۆنان و رۆمانەكان لەگەڵ خۆیان دەبەن، لەئیتاڵیاوە دەگاتە فەڕەنسا، ئیسپانیا، ئینگلتەرا، هۆڵەنداو هەموو پارچەكانی ئەوروپا (سید، ٢٠١٤، ١٢) فەیلەسوفان، رۆشنبیران، هونەرمەندان و بیرمەندانیتر ئاشنایەتییان لەگەڵ بیرمەندانی یۆنانی كۆندا پەیداكرد (موحسنی، ٢٠٠٥، ٩٦) ئەوبیرمەندانەی لەسەدەی شەشەمی پێش زایین لەیۆنان وردە وردە باسی خەسڵەتەكانی مرۆڤ و جیهانی دەوروبەریان لەچەندین رووەوە دەكرد، ئەم بابەتە وردە وردە لەهزری بەربڵاوی هەندێ فەیلەسوفدا دەستی پێكردو لەگەڵ سوقرات و ئەفلاتون و ئەرستۆ، پێشكەوتنی بەرچاوی بەخۆوەبینی. لەدیدی ئەرستۆوە لەسەر ژن پێویستە گوێڕایەڵی رەهای مێردەكەی بێت، ژن لەبەرامبەر مێرددا وەكو كۆیلە وایە لەبەردەم خاوەنەكەیدا، چونكە ئافرەت بوونەوەرێكە بەبەراورد لەگەڵ پیاودا پەرەسەندنێكی ئەوتۆی بەخۆوە نەدیوە. ئافرەتان توانای بەڕێوەبردن و بڕیاردانیان نییەو بۆیەشە ناتوانن سەربەخۆ بژین، كەواتە پەروەردە كردنی ئافرەتان دەبێ لەهی پیاوان جیاواز بێت، چونكە دواتر چالاكی لێكجیایان دەكەوێتە ئەستۆ، ئازایەتی ژن لەگوێڕایەڵی و ئازایەتی پیاویش لە فەرماندایە (موحسنی، ٢٠٠٥، ٨٦) سەرەڕای ئەمانە بەڵام لەمێژووی ئەوروپادا و لە سەردەمی ڕێنیسانسدا چەندین ژنی نوسەر، فەیلەسوف، شانۆنوس، شاعیر، وێنەكێش و خاوەن بەهرە هەڵكەوتوون. كۆمەڵێک لەم ژنە چالاک و نوسەرانە پێنوسەكانیان لەبواری فێمینیزمی و هێنانە بەرباسی كێشەكانی ژناندا خستۆتەگەڕ، هەرچەندە ئەوكات شتێک نە بە ناوەكانی فێمینیزم و بزاڤی ژنان یاخود خەباتی ژنان لەگۆڕێدا نەبووە. كەچی ئەوان هەوڵیانداوە خۆیان فێری خوێندن بكەن بابەتكانی زمان و ئەدەب بخوێننەوەو لەبواری داكۆكیكردن لەخۆیان و ئافرەتانی دیكەش پراكتیزەی بكەن. ئەمانە بە پرۆتۆفێمینیستەكان ناو دەبرێن. هەرچەندە هەندێک لەشارەزایان رەخنە لە بەكارهێنانی ئەم دەستەواژەیە دەگرن، باس لەوە دەكەن كە ئەوە لەگرنگی بەشداربوانی پێشوو كەمدەكاتەوە، لەكاتێكدا ئەوانیتر باس لەوە دەكەن كە فێمینیزم خاوەنی مێژوویەكی تاک ڕەهەند نیە كە بە دەستەواژەكانی وەكو پرۆتۆ فێمینیزم یان پۆست فێمینیزم ئاماژەی بۆ بكرێت. یەكێک لەو ژنە شاعیرو نوسەرانەی سەدەی چواردە و دەسپێكی قۆناخی ڕێنیسانس، كریستین دی پیسانە، لەساڵی (١٣٦٤) لەشاری ڤینسیا لە ئیتالیا لەدایكبووە، باوكی تۆماس دی پیسان وەک پزیشک كاری كردووە هەروەها ئەندامی ئەنجومەنی كۆماری ڤینیسیا بووە، بەهۆی شارەزایی لە ئەستێرەناسیدا لەلایەن شارلی پێنجەمی پاشای فەرەنسا بانگهێشتكراوەو لەساڵی (١٣٦٨) لەگەڵ خێزانەكەی بەرەو پاریس كەوتنەڕێ. سەرەڕای ئەوەی ژیانی منداڵی بەخۆشی لەكۆشكی شاهانەی فەرەنسا گوزەراندووە، بەڵام وەكو هەموو كچانی دیكەی هاوسەردەمی خۆی نەیتوانیوە بەشێوەی فەرمی بخوێنێت، بۆیە باوكی لەماڵەوە فێری خوێندنی كردووەو هانیداوە بەردەوام بێت لەسەر خوێندنەوەی ئەدەب، لەساڵی (١٣٧٩) كریستین ژیانی هاوسەری پێكهێناوەو بوە خاوەنی سێ منداڵ، دوای مردنی هاوسەرەكەی بەهۆی كاری نوسینەوە توانیویەتی دایكی و منداڵەكانی بەخێو بكات و ببێتە یەكەم ژنە نوسەری ئەوروپا، لە بەناوبانگترین نوسینەكانی (The Book of the City of Ladies and The Treasure of the City of Ladies)، (كتێبی شاری ئافرەتان و گەوهەری شاری ئافرەتان)، لە نوسینەكانیدا رەخنە لەو كتێبە بەناوبانگانە دەگرێت كە سوكایەتی بە ئافرەتان و هەڵسوكەوتیان كراوە (Redfern, 1995, 74). دەكرێت كریستین و نوسینەكانی وەكو بەرهەمە سەرەتاییەكان و هەروەها كاری فێمینیستانە لەبەرچاو بگرین، چونكە ئەو لەرێگەی نوسینەكانییەوە هەم داكۆكی لە مافەكانی ژنان كردووەو هەمیش رەخنەی لەتێكستە نێرینەییەكانی ئەوكات گرتووە، لەلایەكی دیكەشەوە وەكو ژنێكی سەربەخۆ كاربكردووە بۆ دەستكەوتنی بژێوی ژیانی خێزانەكەی، لەگەڵ ئەمانەشدا كاركردن بۆ ژنان ئەوكات ئاسان نەبووە، بەتایبەت كریستین دی پیزان، ئەو دوو هەڵبژاردەی لەبەردەم بووە، یان دووبارە ژیانی هاوسەری پێكبێنێت یاخود چوونی بۆ دێرو بوون بەراهیبە هەڵبژێرێت، بەڵام ئەو هەردووكیانی رەتكردوەتەوەو بەهۆی بۆچوونەكانی لەلایەن دەسەڵاتی فەرەنسا و كەنیسەشەوە تووشی ئازارو مەینەتی بۆتەوە و سوكایەتی پێكراوە. هەروەها مارگەرێت دی ناڤارێ كتێبی هێپتامێرۆنی بەزمانی فەرەنسی نوسیووە، خۆی لەساڵی (١٤٩٢) لەدایكبووەو لە (١٥٤٩)مردووە، بەڵام كتێبەكەی دوای مردنی لەساڵی (١٥٥٨) بڵاوكراوەتەوە، لە ٧٢ چیرۆک پێكهاتووە، تیایدا دژی هێرشەكانی بۆسەر ژنان دەكرێت، دەوەستێتەوە(Livingston, 1923, 97) بەم شێوەیە لەسەرەتاكانی سەردەمی ڕێنیسانسدا سەرەڕای ئەوەی سەردەمی نوێبوونەوە بوو بەڵام رەوشی كۆمەڵایەتی ئافرەتان هیچ بوژانەوەیەكی بەخۆوە نەدیت بەتایبەتی لەڕووی خوێندنەوە.

**٢-١-٢- ژنانی ئازادیخوازی سەدەی حەڤدە :**

ماری لی گارس دی گۆرنای نوسەرێكی فەڕەنسیە لەساڵی (١٥٦٥) لەشارۆچكەی نۆبڵ لەهەرێمی سانسێری لەخێزانێكی بچووک لەدایكبووە، لەساڵی (١٦٤٥) مردووە، دوای مردنی باوكی لەگەڵ دایكی و خوشكو براكانی لە كۆشكی گۆرنای ژیان بەسەر دەبەن، زۆر ئارەزووی لەخوێندنەوە بووە، هەربۆیە لەناو كۆشک هەوڵیداوە خۆی فێری خوێندن كردووەو ئەدەبی كلاسیكی فەڕەنسی

خوێندوەتەوە، پاشانیش لاتینی و یۆنانی بەباشی فێربووە، بەیەکێک لە فێمینیستە سەرەتاییەکان هەژمار دەکرێت، نوسینەکانی بریتیبوون لە رۆمان و کاری ئەدەبی، هەروەها کتێبێکی نوسیوە بەناوی یەکسانی پیاوان و ژنان، لەو کتێبەدا باس لە یەکسانی توانای مێشکی ژن و پیاو دەکات، بۆیە هانی ژنانەکان دەدات بخوێنن (Stephens, 2009, 21). کتێبەکەی دی گۆرنای لەو کاتەدا بڵاوبویەوە کە لەئینگلتەرا کۆبوونەوەی ژنان لەکەنیسەو خوێندنگەکانی سەربە کەنیسەبوون قەدەغەکرابوو، داوا لە پیاوەکان دەکرا کە رێگری بکەن لەچوونە دەرەوەی ژنان. بە پێچەوانەوە پیاوان دەستیان بەسەر تەواوی پێشکەوتنە زانستی و فیکریەکان گەیشتبوو. مارگەرێت لۆکاس کاڤێندیشی ژنە شاعیرو شانۆنوسی ئینگلیزی، لەساڵی (١٦٢٣) لەدایک بووە و لە(١٦٧٣) مردووە، سەرەڕای ئەوەی لەخێزانێکی ئەرستۆکراتی شاهانەی بەهێز لەدایکبووەو خۆی فێری خوێندن کردووە، بەڵام بە بەردەوامی لەگەڵ برایەکی بەناوی جۆن کە دامەزرێنەری جەمعییەی مەلەکی بوو کە لەکۆمەڵێک توێژەری فەلسەفی پێکهاتبوو، گفتوگۆ و موناقەشەی دەکرد، ئەمە بووە هەوێنی خۆ پێگەیاندنی و سەرچاوەی مەعریفەو زانیارییەکانی، پاشان بووە بە دووقی نیوکاسڵ، بەڵام بەهۆی کارە ئەدەبییەکانیەوە هەمیشە سەرزەنشت دەکرا (Cavendish, 2001). ماری ئەستێل لەساڵی (١٦٦٦) لەدایکبووە، ئەو سەرەڕای ئەوەی بە فێمینیستە یەکەمەکان لەقەڵەم دەدرێت و کارەکانی لەنوسین و ئەو چالاکییانەی ئەنجامیداون ئەوە نیشاندەدەن کە یەکێک بووە لەو ژنە نوسەرانەی بەدرێژایی ژیانی لەهەوڵی چاکسازیدابووە بۆ بەرەوپێشوەچوون و باشتربوونی ژیانی ژنان، بەرهەمی یەکەمی بەناوی ( A Serious Proposal to the Ladies)، پێشنیارێکی جدی بۆ ئافرەتان، لەساڵی (١٦٩٤) بەشی یەکەمی و لەساڵی (١٦٩٧) بەشی دووەمی نوسیوە، لەبەشی دووەمی کتێبەکەیدا زۆر هانی ژنان دەدات کە بخوێنن و رێنماییان پێشکەشدەکات کەچۆن بەشێوەی عەقڵانی بیربکەنەوەو پەرە بەبواری مەعریفی خۆیان بدەن، هەروەها بەتایبەتی هانی ژنانی چینی باڵای داوە بەوەی کە بەئازادی بژین، بۆ ئەمەش پێویستە بەشداری بکەن لەو دەزگایانەی کە ئەو پێشنیاری کردبوون بۆ ژنان دامەزرێندرێن، وەکو ئینیستیتیوتی ( Religious Retirement خانەی ئاینی) و Spiritual and Corporal Works of Mercy خێری کارە جەستەیی و رۆحییەکان)، ئەم دەزگایانە وەکو دێرە کاثۆلیکیەکانی رۆما وابوون و ژنەکانیش وەکو راهیبە لەوێدا فێری خوێندن ببن و خۆیان پێبگەیەنن (Staves, 2006, 98). ماری ئەستێل ژنێکی زۆر دیندار و کۆنسێرڤاتیف بووە، بەدرێژایی تەمەنی پاڵپشتی خێزانی شاهانە بووە و مەسیحییەکی ئانگلیکانی، کەنیسەی گەورەی بەریتانیا بووە. تەنها لەوەدا رادیکاڵ بووە لەتێڕوانینەکانی بەرامبەر چۆنیەتی بەندکردنی ئافرەتان بەهۆی دابونەریتەوە، چۆن هزریان سنووردار کراوە و رێگەیان پێنەدراوە پەرەی پێبدەن (والتەرز، ٢٠٢١، ٥١).

**٢-١-٣- سەدەی هەژدەو فێمینیزمی ژنانە**

چالاکیە فێمینیستییەکان لەسەدەی هەژدەدا شێوازێکی جیاوازبوو بەبەراورد بەسەدەکانی تر، ئەم قۆناخە نوێیە لەبزوتنەوەی فێمینیزمدا هاوکاتە لەگەڵ رووداو دیاردەگەلێکی سیاسی و ئابووری هزری وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا کە کاریگەرییان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و کلتوری زۆرینەی تاک و گروپەکانی کۆمەڵگەدا هەبوو. بوە هۆی گۆڕینی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە نەریتییەکانی کۆمەڵگەی بەر لە پیشەسازی. ئەم سەردەمە نوێیە رەنگدانەوەی پرۆسەیەکی مێژوویی چەندین رەهەندییە کە بە سەردەمی رۆشنگەری ناسراوە، وەک پەیکەربەندییەکی ئایدۆلۆژی-کولتوری، دابڕانی لەگەڵ هەموو جۆرە تێگەیشتنێکی رەهاگەرایانەو فەرمانئامێزانە دروستکرد...گۆڕانکاری لەهەموو رەهەندەکانی ژیانی تاکەکەسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی لەتەک گۆڕینی سروشتو  زێدەکردنی توانا سروشتییەکانی بە رێگەپێدراو تەنانەت پێویستیش لەقەڵەم دەدا (موشیرزادە، ٢٠٠٥، ١٤). یەکێک لە گرنگترین ئەو رووداوانەی لەسەدەی هەژدەدا روویدا کە پەیوەندی راستەوخۆی بە بزاڤی ژنانەوە هەبوو، شۆڕشی فەرەنسی بوو. ژنانی پیشەوەری پاریس یەکەمین ئەو گروپانە بوون کە پێشەنگی ئەم بزاڤەیان گرتە دەست. لەمانگی ئۆکتۆبەری (١٧٨٩)، لەکاتێکدا کە پیاوانی پەرلەمانتار سەرگەرمی قسەکردن بوون لەسەر دەستوری نوێی فەڕەنسا، ژنانی شۆڕشگێڕ (The sans kulotte Women) واتە ژنانی شەرواڵ پۆش، کە پێکهاتبوون لە ژنانی خزمەتکار، فرۆشیاران، هاوسەرانی کرێکاران، سەوزە فرۆشان بەیەکەوە بەرەو ژووری کۆبونەوەکانی پاریس رێپێوانیان کردو ژمارەیان شەش هەزار ژن بوو، بۆ داواکردنی هەرزانبوونی نرخی نان و خواردن. ئۆلمپ دی گۆوج کچە شانۆنوس (بەیاننامەی مافەکانی ژن و مافی بەهاوڵاتیبوونی ژنان) لەساڵی (١٧٩١) دا بلاویکردەوە وەکو وەڵامدانەوەیەک بۆ (بەیاننامەی کۆمەڵەی نیشتمانی) بۆ مافەکانی مرۆڤ (واتکنز، ٢٠٠٥، ٣٣-٣٦)، کە لەسەرەتادا بەناوی (مافەکانی پیاوان) بوو، بەجۆش و خرۆشەوە هاواریکرد (ئەی ژن هەستە زەنگی هۆشیارکردنەوە لەسەرتاسەری دنیادا دەنگی داوەتەوە، مافەکانی خۆت بەدەستبێنە، ئیمپراتۆرییەتی بەهێزی سروشت ئیتر بە دەمارگیر و خورافات و درۆ بەری ناگیرێت. ئێوە ئەی ژنان دەتانەوێ کێ چاوتان بکاتەوە، ئاخر شۆڕش چ ئیمتیازێکی خراپی بۆ ئێوە هەبووە؟)، بانگەشەکەی ئۆلیمپ لەقۆناغە سەختەکانی شۆڕشدا بوو کە زۆرینەی پیاوانی سیاسی بڕوایان بە ئازادی ژن و یەکسانیان لەگەڵ پیاودا، نەبوو. حوکمڕانی لەدەستوری ساڵی (١٧٩١) سنوردار کرابوو، ژنان و پیاوانی هەژاری کرێکار مافی دەنگدانیان نەبوو(رۆباتام، ٢٠١٠، ل٤٠). ئەم هەوڵانەی لە فەڕەنسا

دەدران هاوکاتبوو لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کتێبی (بەرگری لە مافی ژنان) لەلایەن ماری ویلستن کرافت، کە یەکێکە لە هەرە پێشەنگەکانی بزاڤی ژنان لەئەوروپا. ماری لەکاتی شۆڕشی فەڕەنسادا پەیوەندی بەشۆڕشگێڕانەوە دەکات، دوای سەرکەوتنی شۆڕش وەک روناکبیرانێتر بۆ پاراستنی گیانی خۆیان ناچاربوون لە فەرەنسا هەڵبێن و لەگەڕانەوەیدا لەساڵی (١٧٩٢) کتێبەکەی بڵاوکردەوە (موسەوی، ٢٠٠٨، ٢٣)، کە بەرگری لە مافی ژنانی چینی ناوەند و بۆرژوازی دەکات بەوەی دەرفەتی خوێندنیان هەبێت بۆ گەشەپێدانی عەقلیان نەک راهێنانیان لەسەر ئەوەی کە هاوسەرێکی باش بن (الخولی، ٢٠١٧، ١٨)، چونکە لەو سەردەمدا قوتابخانەی تایبەتی بۆ کچانی چینی ناوەند لە زۆربووندابوو، بەڵام زۆربەیان بەسادەیی تیشکیان دەخستە سەر ئەوەی کە قوتابیەکان فێری خوێندن بکەن لەجێی ئەمە ئامادەیان دەکردن بۆ هاوسەرگیری باش (والتەرز، ٢٠٢١، ٥٩). لەبنەڕەتدا کتێبەکەی ماری وەڵامدانەوەیەک بوو بۆ کتێبی (ئیمیل) ی جان جاک رۆسۆ، تیایدا هاتووە کە پەروەردەو پێگەیاندنی عەقلی و دەرونی و جەستەیی تەنها بۆ پیاوانە، پەروەردەی ژنانیش دەبێت لەپێناو رازیکردنی پیاواندا بێت، تا بتوانن بەکەڵکی پیاو بێن و خۆشەویستی و رێزی پیاوان وەدەست بێنن (الخولی، ٢٠١٧، ١٩). خەباتی ژنان لەویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا لەکاتی شەڕی سەربەخۆیی (١٧٧٥-١٧٨٣)، بۆ یەکەمجار بوو ژن درکی بەوە کرد کەمافی سیاسی و ئابوری و پیشەیی هەیە و داوای مافی هەڵبژاردنی کرد و روبەڕوی دەسەڵاتە تۆتالیتارییەکانی ئەو سەردەمە بویەوە (سالح، ٢٠٠٦، ٣١) لەساڵی (١٧٧٩)، یەکێک لە پێشڕەوانی جاڕنامەی سەربەخۆیی ئەمریکا، بەیاننامە ناسراوەکەی (ئافرەتەکانمان لەبیر بێت) بەبیر هاوسەرەکەی دەهێنێتەوە کە لەناو نوسینی یاسا نوێیەکان و جاڕنامەی سەربەخۆییدا، ئافرەتان فەرامۆش نەکەین و دەسەڵاتێکی ناسنوردار نەدەینە دەست مێردەکانیان، ئەگەر وانەبوو، ئێمە ژنان بۆ شۆڕش هاندەدەین و خۆمان بەپابەند نازانین بۆ لەبەرچاوگرتنی یاساکان کە لەداڕشتنیاندا مافمان نیەو ناتوانین نوێنەرانێکمان لەکۆی داڕێژەرانیدا هەبێت. هەروەها جیمز سۆلیڤانی یەکێکیتر لە داڕێژەرانی جاڕنامەی سەربەخۆی و یاسای نوێ، خوازیاری مافی دەنگدان بوو بۆ تەواوی پیاوان چ موڵکدار یان بێ موڵک. بەڵام جۆن ئەدامز لەوەلامی یادەشتەکەدا دەڵێت، راستە بنیادی ئاکاری دەوڵەت لەسەر بنەمای رەزامەندی خەڵکە، بەڵام ئەگەر مافی دەنگدان بەهەموو کەسێک بدەین، ئەو کاتە گروپەکانی دیکەی وەک ژنان و ئەو لاوانەی کە فلێسێکی بەهادارییان نیە، داوای مافی دەنگدان دەکەن، تەواوی جیاکارییەکانی کۆمەڵگە لەناو دەچێت و هەموویان دەچنە یەک ئاستەوە (موسەوی، ٢٠٠٨، ٢١). بەم شێوەیە نە جاڕنامەی سەربەخۆیی ئەمریکا و نە جاڕنامەی مافی مرۆڤی فەڕەنسا هیچ مافێکیان بۆ ژنان دانەنا. ئیتر لەوسەدەیەدا ژن نەیتوانی بەخواستی زیاتر بگات، هەر زوو ئەو هەوڵانەی لەناوبرا کە پێشتر بۆ مافی سیاسی و نان و ئازادی دابووی، سەرانی فەرەنسی لەساڵی (١٧٩٣)، لەو هەندە ئازادیە پاشگەز بوونەوە و بڕیاری داخستنی سەرجەم سەندیکاو رێکخراوەکانی ژنان درا و چیتر ژن نەیتوانی خاوەنی هیچ پەیڕەو و پرۆگرام و تایبەتمەندی خۆی بێت تاوەکو ساڵی (١٨٤٨) و شۆڕشی گەورەی ئەروپا (سالح، ٢٠٠٦، ٢٥).

**٢-٢ رەنگدانەوە کۆمەلایەتیەکانی فێمینیزم:**

لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدەو سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا بزاڤی ژنان پێی خستە قۆناغێکی دیکەی خەبات و جیاوازتر لەسەدەکانیتر ژنان لەسەر داواکردنی مافەکانیان هاتنە دەنگ، ئەم قۆناخە نوێیە بە کۆبوونەوە گەرم و گوڕەکان و چڕ کردنەوەی هەوڵەکان بۆ دروستبوونی رێکخراوەکان دەستیان بە کاروچالاکییەکان کرد. وڵاتانی ئەمریکا و ئینگلتەرا و فەرەنسا لەڕیزی پێشەوەی خەباتی فێمینیزمیدا بوون و لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا تائێستاشی لەگەڵدا بێت ئەم خەباتە بەردەوامی هەیە و بەدرێژایی ئەم مێژووەش شێوازی جۆراوجۆر و شەپۆلی جیاجیای بەخۆوە بینیوە، لەهەر قۆناخێکیشیدا داواکارییەکان وەڵامدەرەوەی کۆمەڵێک پێداویستی سەردەمی بوون، کەهاوتەریب بووە لەگەڵ تەواوی پێشکەوتنە مادی و مەعنەوییەکان. دەتوانین دەرهاویشتەکانی لە چەند خاڵێکدا کورت بکەینەوە:

**٢-٢-١- گۆڕانی پیشەی ژنان لە کاری ماڵەوە بۆ کارخانەکان:**

سەرهەڵدانی شەپۆلی یەکەمی بزاڤی ژنان، کۆمەڵێک رەهەندی سیاسی و فەلسەفی و ئایدۆلۆژی هەبوو، کە هاندەری بەهێز بوون بۆئەوەی ژنان هەوڵەکانیان چڕکەنەوەو لەناو سەندیکا، کۆمەڵە، رێکخراوەکانی کرێکاران و دژە کۆیلایەتی بەشداری بکەن. یەکێک لەو رەهەندانەش بڵاوبوونەوەی بیری سۆشیالیستی لەئەوروپا، سەدەی نۆزدە کە بە سەردەمی سەرمایەداری وەحشیگەری ناسراوە، بەو مانایەی کە کێبرکێی نێوان سەرمایەداران بۆ کەڵەکەبوونی سەرمایەو زۆرترین قازانج، لەوپەڕی بەهێزی و توندیدابوو، یەکێکیش لە رەهەندەکانی بردنەوەی ئەم کێبرکێیە فشاری سەر کرێکاران بوو بۆ کارکردنی زیاتر و دەسمایەی کەمتر، ئەمەش بارودۆخی کرێکارەکانی بەرەو خراپی برد، لەوکاتەدا سۆشیالیزمی خەیاڵی کە سان سیمۆن دایمەزراندبوو، تیشکی خستەسەر خاڵە نەرێنییەکانی لیبراڵیزمی کلاسیکی و دروشمە سیاسی، یاسایی و ئابورییەکانی، کەبریتیبوو لە دەستەبەری یەکسانی نێوان خەڵک، کەچی نایەکسانیش لە زیادبووندا بوو، بەتایبەتی یەکسانی بۆ ژنان و لەناو خێزانە بۆرژوازیەکاندا (رودگر، ٢٠١٩، ٤٩). سەرمایەداری

پیشەسازی لە ئینگلتەرا پەرەیسەندبوو، هەریەک لە فەڕەنساو ئەمریکاش تەبەنی سیستمێکی سیاسی بەهێزیان کردبوو لەسەر بنەمای دیموکراتی نوێنەرایەتی وەستابوو، ئەمەش گۆڕانی مانای سیاسی و ئابوری خێزانی بەدوای خۆیدا هێنا، کە پێگەی ژن تیایدا تێکشکاوبوو. ئافرەتان لە چینی باڵای کۆمەڵگەدا خاوەنی شوناسی سیاسی خۆیان نەبوون، بەهۆی شۆڕشی پیشەسازییەوە ژنانی چینی خوارەوەی کۆمەڵگە کارو پیشەکانیان لەماڵەوە بۆ کارگەکانی بەرهەمهێنانی خواردن، رستن و چنین، دورینی جلوبەرگ، گواسترابوویەوە. ئەمەش بوە هۆی زیادبوونی پشکی ئابوری خێزان لەلایەن ژنانەوەو پشت پێبەستنی زیاتری ژنانی کرێکار (العزیزی، ٢٠٠٥، ١٨). بەڵام لەوکاتەدا خاوەن کارەکان دەستهەقی ژنانی کرێکارییان دەدایە هاوسەرەکانیان و ژنان مافی وەرگرتنی موچەکانیان نەبوو، مەبەست ژنانی هاوسەردارە، کەدواتر چالاکوانان دوای زیاترلەپێنج مانگ هەوڵدان بۆکۆکردنەوەی ئیمزا، توانیان ئەم یاسایە هەڵبوەشێننەوە (واتکنز، ٢٠٠٥، ٥٩). لەلایەکی دیکەوە ژنان لە چالاکییەکانیاندا رووبەڕوی کۆسپ و تەگەرە دەبوونەوە بەهۆی (ئەرکی ئەخلاقی) کە خۆی لە ئەخلاقی خزمەتگوزارییەوە سەرچاوەی گرتبوو. شۆڕشی پیشەسازی لەسەدەی نۆزدەهەمدا، لەشکرێکی گەورەی ژنی کرێکاری بەدوای خۆیدا هێنا، لەسەدەکانی پێشووتر ژنان بەگشتی لەناو ماڵ و لەکێڵگەکاندا لەژێر دەستی باوکیان یاخود مێردەکانیاندا کاریان دەکرد بەبێ موچەو هەقدەست، بەڵام لەکارگەکاندا کچان بەشێوەی تاقم و گروپ بەیەکەوە کاریان دەکرد. بۆ یەکەمین جار موچەی هەفتانەی خۆیان بەدەستی خۆیان وەردەگرد، بێگومان ئەم موچە وەرگرتنە بەر لەزەماوەند کردن بوو. بەڵام کاتژمێرەکانی کارکردن ئێجگار زۆر و موچەشیان کەمتر بوو لە کرێکارانی پیاوی ناو کارگەکان (Berg, 2000, 14).

**٢-٢-٢- کاری رێکخراوەیی ژنان و خەباتی دژە کۆیلایەتی:**

لەساڵی (١٨١٨)، ژنانی یەکێک لەشارە بچوکەکانی (لانکشایەر) لەباکوری بەریتانیا (Black burn) کڵاوی ئازادییان لە ئاوریشمی سور دروستکرد و ئەوەیان هەروەک دروشمێک وەسف کرد، ئەوان دامەزرێنەرانی گروپی ئەنجومەنی ژنانی ریفۆرمخواز بوون، هەروەها یەکێک بوون لەو چەندان گروپەی خەباتیان بۆ فرانبوونی مافی دەنگدان و گۆڕینی سیستمی کۆنی هەڵبژاردن دەکرد، ریفۆرمخوازانی رادیکاڵ لایەنگیرییان لە مافی دەنگدانی گشتی دەکرد، ئەوان لەو بڕوایەدابوون کە ریفۆرم لەپەرلەماندا یارمەتی چارەسەری قەیرانە ئابورییەکان دەدات کە لەئەنجامی سیستمی نوێی کارگەکانەوە بەرهەمهاتبوو. لەئابی (١٨١٩) لەشاری مانجستەر لەگەڵ پیاواندا بەشدارییان لە خۆپیشاندانەکانی مافی دەنگدان کرد، بەڵام سەربازەکان هێرشیان کردە سەر خۆپیشاندەران و یانزە کەسیان کوشت کە دوانیان ژن بوون، لەمێژوودا ئەم رووداوە بە جینۆسایدی (پیتەرلو) ناسراوە (رۆباتام، ٢٠١٠، ٥٢). ریفۆرمخوازە رادیکاڵەکان داوای مافی دەنگدانی گشتیان دەکرد ئەگەرچی زۆرجار بەمانای لایەنگیری دەنگدانی پیاوان لەقەڵەم دەدرێت، بەڵام لەهەمانکاتدا سەرەتایەکیش بوو بۆ ئەوەی ژنان لەکاری رێکخراوەیی و پیشەییدا بەشداربن و هەروەها بەشداری لە خۆپیشاندانەکانیش بکەن و سەرەڕای داواکاری مافی دەنگدان بۆ پیاوە کرێکارەکان و چینی خوارەوەی کۆمەڵ، لەهەمانکاتدا بۆخۆشیان داوای هەمان مافیان دەکرد. لەساڵی (١٨٣٢) لەفەڕەنسادا لەمیانەی جوڵانەوەی هەستی شۆڕشگێڕی کە فەرمانڕەوایی مەشروتەی هێنایە کایەوە، کۆمەڵێک لەژنانی کرێکارئاشنابوون بەدیدگاکانی شۆڕشی فەرەنسی، ماری ولستنکرافت، ئایدۆلۆژیای سۆشیالیستی سانسیمۆن و فۆریە، بڵاوکراوەیەکیان لەژێر ناوی ژنی ئازاد، بەدروشمی (ئازادی بۆ ژنان، ئازادی بۆ خەڵک بەرێکخستنەوەی ماڵ و پیشە) بڵاوکردەوە. هەروەها لەساڵی ١٨٤٨، لەکۆمۆنەی پاریس لەساڵی ١٨٧١دووبارە جەخست لەسەر پەیوەندی نێوان ژن و ئایدۆلۆژیای سۆشیالیزم کرایەوە (رۆباتام، ٢٠١٠، ٨٣). لەساڵی ١٨٢٩، ژنێکی سپیپێستی باشوری ئەمریکا لەنامەیەکدا بۆ (Lady s Magazine)، واتە گۆڤاری ژنان، داوای لە هاوڕەگەزەکانی کرد بۆ ئازادی کۆیلەکان کۆببنەوە، ئەو هەوڵیدا لە رێگەی بیروباوەڕەکانی کە پێیوابوو ژنان بە سروشت هەڵگری سیفەتی چاکەن، دەستی بە بانگەشەکەی کردو گوتی تەنانەت ژنان بە تەنیاش هێندە دەسەڵاتیان هەیە بتوانن کۆتایی بە کۆیلایەتی بێنن. نیوەی ئەوانەی داواکارییەکانیان ئیمزا کرد ژن بوون. هەندێک لەو ژنانە خانووەکانی خۆیان کردبوو بە وێستگەکانی گواستنەوەی کۆیلە هەڵاتووەکان (موشیرزادە، ٢٠٠٥، ٦٨)، هەروەها رێگەیەکی ئاسنینی ژێر زەوی هەبوو کە ئەمریکای باشور و باکوری بەیەکەوە گرێدەدا، ژمارەیەک لە کۆیلەکان لەم رێگەیەوە لە باشورەوە بۆ باکور هەڵدەهاتن و (هاریت تێبمان) ژنێک بوو لە بەرجەستەترین رێبەرانی رێگەی ژێر زەوی و توانی یارمەتی نزیکەی ٣٠٠ کۆیلە بدات بۆ گواستنەوەیان بەم رێگەیە کە زۆرینەی ئەم راکردوانەش پیاوبوون (واتکنز، ٢٠٠٥، ٤٣). لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەدا بەشداریکردنی ژنان لە گروپەکانی دژە کۆیلایەتی لەزیادبووندابوو، پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان و گەشتکردنی فێمینیستەکان لەنێوان وڵاتانی بەریتانیا و ئەمەریکا و فەرەنسادا، هەلێکی باشی بۆ ژنان رەخساند تا بتوانن بەشداری لەو گروپانەدا بکەن. هەروەکو (بۆنی ئەندرسن) ئاماژەی بۆ دەکات کە ئەمە هەرتەنها گەشتکردن نەبوو بەڵکو پاڵپشتییەکی تەواوی دارایی بزووتنەوەکانی نەهێشتنی کۆیلایەتی بوو لەلایەن فێمینیستەکانەوە بەتایبەتی بۆ کۆیلە هەڵاتووەکان کە بۆ وڵاتی کەنەدا و بۆ باکوری ئەمەریکا هەڵاتبوون، (هاریت مارتینیو) نموونەیەکی بەرچاوی ئەو ژنانەیە، لەماوەی ئەو دووساڵەی لە ئەمەریکادا مایەوە کتێبی ( Negro

Slavery) لەساڵی (١٨٣٠) بڵاوکردەوەو بووە ئەندامی بزاڤی دژە کۆیلایەتی ژنانی بۆستن، هەروەها زنجیرەیەک وتاری دەربارەی کۆیلەکانی ئەمەریکا نووسی و پاشان لە کتێبێک بەناوی (The Martyr Age of the United States) واتە (چەرخی شەهیدبوون لە ویلایەتە یەکگرتووەکان). (Moynagh & Forestell, 2012). لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا سەرکردەکانی بزووتنەوەی فێمینیستی کەمپینیان بۆ میانڕەوی و نەهێشتنی کۆیلایەتی دەکرد پێش داواکردنی مافەکانی ژنان، ئەم داواکاریانەش لەڕێگەی دوو گروپی جیاوازەوە بانگەشەی بۆ دەکرا، هەندێک لەو ژنانە سەر بەگروپە مەسیحییە کۆنسێرڤاتیڤەکان بوون، بەنمونە (یەکێتی میانڕەوی مەسیحی ژنان). گروپەکەیتریش دەنگو ڕەنگی جیاوازو جۆراوجۆری لەخۆگرتبوو. هەڵمەتی دژە کۆیلایەتی زەمینەیەکی باشی بۆ ئاشنابوون و شارەزاییە سیاسیەکان بۆ ژنان رەخساند، هەوڵەکان بۆ دوورخستنەوەی ژنان لەم هەڵمەتانەدا، ئەنجامەکەی بەهێزتر بوونی متمانەی ژنان بوو بەخۆیان، بۆیە (سارا و ئەنجەلینا گریمکی) هەر زوو خەبەتەکەیان لە ئازادکردنی کۆیلەکانەوە گواستەوە بۆ ئازادکردنی ئافرەتان.

### ٢-٢-٣- مافە مەدەنی و یاساییەکانی ژنان:

داواکارییەکی دیکەی ژنان بەگشتی و هەروەها ژنانی لانگهام پلەیس بەدرێژایی سەدەی نۆزدە مافی دەنگدان بوو، بۆیە لەساڵی (١٨٦٨) (ئەنجومەنی نیشتمانی مافی دەنگدانی ژنان) دامەزرا، داخوازینامەی مافی دەنگدان ئامادەکراو لەڕێگەی جۆن ستوارت میڵ پێشکەشی پەرلەمان کرا، چونکە میڵ و هاریت تایلۆری هاوسەری لەسەر بابەتەکانی یەکسانی و تاکگەرایی کاریان دەکرد، زنجیرەیەک وتاریان لەسەر مافی دەنگدانی ژنان لە وێست مینستەر ریڤیودا، نوسیبوو. ئەوان لەم وتارانەدا بابەتەکانیان هەر بەتەنها بۆ پەیامی تایبەتی ژنان نەبوو، بەڵکو بۆ یەکسانی هەموو تاکێک بوو، بیروباوەڕی هەندێک لە رادیکاڵەکانی بزاڤی نەهێشتنی کۆیلایەتیان خستبووە ژێر پرسیارەوە کە لەو بڕوایەدابوون ئەزمونی دایکایەتی پێویستە بۆ ریفۆرمی سیاسی بەشێوەیەکی هێمن، هەروەها بەرهەمی (ماریان رید) یشیان ڕەتکردەوە کە ژنی وەک جۆرێک لە روحانیەت و هەستیار نیشاندابوو، ئەوان بەڵگەیان بۆ رۆشنگەری دەهێنایەوە کە هۆکارە روکەشەکانی کەسایەتی دیاریدەکەن، بۆیە میل پێیوابوو ئەوەی ئێستا لەبارەی سروشتی ژنانەوە باسدەکرێت، شتێکە بەتەواوی دەستکردەو دروستکراوە (رۆباتام، ٢٠١٠، ٥٣-٥٥). ململانێ لەسەر بەدەستهێنانی مافی دەنگدان شتێکی ئاسان نەبوو، هەروەها لەقۆناخی سەرەتاییدا بوو، ناکۆکی و دابەشبوون هەبوو لەنێو ئەوانەی داوای مافی دەنگدانیان دەکرد و ئەوانەی تەنها مەبەستیان بوو لەپێناو بەرگریکردن لەژنان قسە بکەن، هەروەها ناکۆکی هەبوو لەسەر ئەوەی کام لەژنان مافی دەنگدانی پێبدرێت چونکە وەک ئاشکرایە پیاوانیش هەموویان مافی دەنگدانیان نەبوو، زۆرێک لەم هەوڵە سەرەتاییانە تیشکیان خستبووە سەر ژنانی شونەکردوو (والتەرز، ٢٠٢١، ١٢٣). بەڵام هەرزوو رووبەڕووی رەخنەی زۆر بونەوە. گرنگترین جیاوازی لەنێوان ئەمریکا و بەریتانیا لە گەشەکردنی شەپۆلی یەکەمی فێمینیزمیدا، ئەوەبوو لەئەمریکا دەستەی یاسادانانی ویلایەتەکان سەربەخۆ بوون لە دەرکردنی یاسا چاکسازییەکاندا سەر بەحکومەتی ناوەند نەبوون. هەر لەبەر ئەمە پێدانی مافی دەنگدانیش بە ئافرەتان لەویلایەتەکان مێژووی جیاوازی هەیە، بەنموونە لە ویلایەتەکانی یۆمینگ و یۆتاه لەساڵی (١٨٦٩) و (١٨٧٠) ژنان مافی دەنگدانیان بەدەستهێنا، بەڵام لە ویلایەتەکانی باکوور تا ساڵی ١٩٢٠ بەم مافە نەگەیشتن. بەڵام لەبوارەکانی دیکەی چالاکی فێمینیستیدا بەخێراییەکی جیاواز لەسەرانسەری ویلایەتەکاندا بەرەو چاکسازی هەنگاویان هاوێشت هاوشێوەی ئەو دەسکەوتانەی لەبەریتانیا وەدەستهاتبوون (چامبل، ٢٠٠٢، ٥٠).

## ٣- ڕەوشی کۆمەلایەتی کۆمەڵگای کوردی و بارودۆخی ئافرەتان

### ٣-١- ڕەوشی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی

ئەگەر گۆرانکاریەکانی ئەوروپا لە دوای شۆڕشی فەرەنسی و شۆڕشی پیشەسازی بە فاکتەری سەرەکی سەرهەڵدانی فێمێنیزم دابنرێت ، ئەوە لەماوەی هەزار ساڵی رابردودا کۆمەڵگای کوردی گۆانکاری لەو جۆرەی بەخۆیەوە نەبینیوە، بە درێژایی زیاتر لە هەزار و سێ سەدساڵ (لە سەدەی حەوتەمەوە تا سەدەی نۆزدە) کە بە قۆناخی درووست بوون وبە هێزبوونی سیستەمی دەرەبەگایەتی دەدرێتە قەڵەم ،سەرەتاکانی لە کوردستان بەدەرکەوتون ، ئیتر تا رادەیەک هەمان شێوازی بەرهەمهێنان بەکار هاتووە، گۆرانکاری لە رۆڵ و پێگەی ژن، یان جۆری پیشەی رووی نەداوە، خێزانی کوردی بەکاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری سەرقاڵ بووە، لەم دوو پیشەیەدا ژن هاوکاری پیاو بووە هەتا خێزانی وەکو جۆرێک لە خودبژێوی پێویستیەکانی خۆی پەیدا بکات، بەڵام دەبینین کوردستان ناوەندێکی بەهێزی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی نەبووە،بۆیە کەلەکەبوونی سەرمایە روویدنەداوە، هەتا بازرگانی بەهێزو پیشەسازی گەورە بێتە ئاراوە، تا رادەیەک لە ماوەی هەزار ساڵی رابردوودا ژیانی خێزانی کوردی جێگیربووە، دابەشبوونی کاری کۆمەلایەتی وەکو خۆی ماوەتەوە. بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان بە تایبەتی بزوتنەوەکانی ژنان پەیوەندیان بە گۆرانی کۆمەلایەتی

گەورەوە هەیە ئەگەر دەرەبەگایەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا بە شێوەیەك لە شێوەکان هەبووبێت ،بە هۆی لاوازی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی وگەشەنەکردنی بازرگانیەوە لە کوردستان قۆناخەکە گەشەی نەکردووە ومیلەتی کورد ئەم قۆناخەی تێنەپەڕاندووە ،کە دەربەگایەتیش گەشەی نەکردووە، شاری گەورەوی بازاری پڕ کەلوپەل لە کوردستاندا بەدەرنەکەوتووە، ئەوەی دروستیش بووە داگیرکەران هەر زوو دەستیان بەسەردا گرتووە، بۆ نمونە ، سەرەڕای زۆری بەروبوومی ناوخۆیی بەتایبەت بەرهەمی ئاژەڵداری وەکو گۆشت وپەنیر وکەرەی خۆماڵی وخوری ،بەڵام بازرگانی لە کوردستاندا هەرگیز بازرگانیەکی ئاکتیڤ ورەسەن نەبووە، چونکە بازرگانی کوردستان لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا راستەو خۆ نەبووە، بەڵکو سەرەتا لەگەڵ داگیرکەران ولەرێگەی ئەوانیشەوە بۆ دەرەوە رۆیشتووە، داگیرکەرانیش بەنرخێکی زۆر هەرزان کەلوپەل وبەرهەمەکانیان لە چنگ بازرگانە کوردەکان دەرهێناوە وهێندەی بۆ خۆیان قازانجیان کردووە، هێندە بۆ کورد خێری نەداوەتەوە(قاسملو ،2006، ٣٠). بەگشتی لە کوردستان کارگەو کارخانەی گەورە نەبووە، ئافرەت لە خێزان دورنەکەوتوەتەوە، ئەندامانی خێزان پێکەوە کاریان کردووە، شۆرش و راپەرینی ئافرەتان دژی باوک وبراو ئەندامانی خێزان رێگا پێدراو نەبووە ، لەرووی دابونەریتی کۆمەڵایەتیەوە ژن گوێڕایەڵی پیاو بووە، ئەمەش لە ئاین و بیروباوەری لە مێژینەی گەلی کوردەوە سەرچاوەی گرتووەو زەمینە کۆمەڵایەتیەکەش هاوکارو تەواوکەری ئەو بیروباوەر بووە.

**٣-٢- رەوشی فێمینیزم لە باشوری کوردستان**

سەبارەت بە دیدی نەتەوەی کورد بۆ ژن و پێگەی ژن لە کوردستان، هەمان زهنیەت و روانینی هەبووە کە نەتەوە سەردەستەکان بەرامبەر بە ژن هەیانبووەو لە ژیانی پراکتیسدا کاریان لەسەر کردووە. بەهەمان شێوە کاریگەری لەسەر دنیابینی خودی ژنانیش هەبووە و داناوە ئەوان دووجار ژێر دەستەبوون هەم وەکو ژن هەمیش وەکو نەتەوە. هەر بۆیە ژنانی کورد نەیتوانیوە لەچوارچێوەی بزوتنەوەیەکی فێمینیستی خەبات بکات تەنانەت هەر بیریشی لەوە نەکردۆتەوە کە مافەکانی چین و چۆن بتوانێت ئامادەیی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەبێت، یاخود هۆشیاری ئەوەی لەلا دروست بێت داوای هەندێک مافی سەرەتایی بکات کە هەمیشە بۆ پیاوان فەراهەم بوون، بەنموونە خوێندن، کارکردن لەبەرامبەر کرێدا. ئەوەی هەیە لەمێژودا ناوی چەند ژنێکە کە هاوسەر و خوشک و کەسوکاری پیاوانی ناوداری دەسەڵاتداری کورد بوون و ئینجا بەهەر شێوەیەک لەدوای مردنی پیاوەکە دەسەڵاتەکەیان وەرگرتبێت یاخود بە پاڵپشتی هاوسەرو باوک و براکانیان لە دەسەڵات ناویان هەبووە و ناسراون، بەڵام بەدەگمەن هەوڵێکی تایبەت و لەدنیابینییەکی ژنانەوە لەلایەن ئەوانیشدا لەئارادا بووە بۆ کۆکردنەوەی ژنانی کورد لەدەوری بزوتنەوەیەک یاخود رێکخراوێک لەتوانیایدا بووبێت هۆشیاری دەستەجەمعی لەنێو ژناندا سەبارەت بە ماف و خواستەکانیان بڵاو بکاتەوەو پەرەیان پێبدات. لە بەشی باشوری کوردستان زۆرێک لە نوسەران و روناکبیرانی کورد ئاماژە بە دوو قۆناخی خەباتی ژنان دەکەن، ئەوانیش قۆناخی شاخ و قۆناخی شارە، بەڵام بەر لەخەباتی شاخیش ژنانی کورد دابڕاو نەبوون لە کاروچالاکی چ وەکو هەوڵی تاکەکەسی بووبێت یاخود لەگەڵ گروپ و رێکخراوی دیکەی کرێکاری و نەتەوەییی بووبێت. بۆیە دەکرێ خەباتی ژن بۆ دوو قۆناخی پێش راپەرین و دوای راپەرین و ئەم دوو قۆناخەش لەنێو خۆیاندا بۆ چەند قۆناخێکتر دابەشدەبن. هەروەها لەنێو ئەم قۆناخانەشدا چەندین ئاراستەی هزری جیاواز ئامادەییان لە دانانی بنەماو پرەنسیپەکانی خەباتی ژناندا هەبووە، بەنموونە لەقۆناخی پێش راپەڕین ئاراستەی ناسیۆنالیستی کورد و کۆمۆنیستی لەناو بزوتنەوەکانی ژناندا لەرێگەی حزبە ناسیۆنالیستەکانی وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان حزبی شیوعی عێراق خەباتیان دەکرد. بەڵام لەدوای راپەرین و لە قۆناخی شاردا ئەم خەباتە زیاتر فراوان بویەوەو ئاراستەی هزری زیاتر هاتە ناو ریزەکانی خەباتی ژنان، سەرەڕای بیری ناسیۆنالیزم و کۆمۆنیزم حزبە ئیسلامییەکان کاریگەریان هەبووە لەسەر دنیابینی رەوتی ژناندا، جگە لەمانەش لەدوای راپەرین چەندین رێکخراوی سەربەخۆ لەژێر کاریگەری رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە لە گۆڕەپانی خەباتەکەدا بەشدارییان هەیە. بەڵام ئەوەی جێگەی پرسیارکردنە ئەوەیە ئایا لەنێو ئەم قۆناخانەدا ژنان چۆن و بە چ میکانیزمێک خەباتیان کردووە، یاخود گوتارێکی یەکگرتوو دەنگێکی راستەقینەی ژن لەناو بزوتنەکانی ژنان لە قۆناخەکاندا هەبووە و هەیە، ئایا دەسکەوتو ئەنجامەکانی ئەم قۆناخانە چیبوون و چۆن و چەند رەوشی فێمینیزم لە کوردستان بەرەو پێشچووەە.

**٣-٢-١- قۆناخی پێش راپەڕین**

سەرەتای خەباتی ژنان لە وڵاتانی رۆژئاوا بە بەشداری ژنان لە رێکخراو و کۆمەڵە کرێکارییەکاییەکان و نەهێشتنی کۆیلایەتییەوە یاخود بە هەوڵی تاکەکسییەوە دەستی پێکردووە و لەوێدا ژنان توانیویانە دەنگی ناڕەزایەتی خۆیان بگەیەننە لایەنی پەیوەندیدار و دەسەڵاتدارەکان، دواتر ئەم چالاکیانە بوەتە هۆی هۆشیاربوونەوەیان و بیرکردنەوە لە گرفتەکانی خۆیان بەشێوەی سەربەخۆ. ئەمە بۆ ژنانی کوردستانیش ڕاستە. لەباشوری کوردستان خەباتی ژن توندوتۆڵ بە خەباتی نەتەوەییەوە بەستراوەتەوە بۆیە لەهەردوو

قۆناخەکەدا هاوشانی نەتەوە پێشکەوتن و وەستان بووە، ئەگەر پرسی نەتەوە و بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد بەرەو پێش چووبایە خەباتی ژنیش بەهەمان شێوە بوو، پێچەوانەکەشی هەر راستە.

لە بیستەکانی سەدەی رابوردوو هەوڵی خوێندن دراوە، بەنمونە لەساڵی ١٩٢٦ (کۆمەڵەی زانستی کوردان) لە سلێمانی دادەمەزرێت حەپسەخانی نەقیب یەکێکە لەوانەی رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە هاوکاریکردنی دارایی ئەم کۆمەڵەیە و پشتگیری کردنی خوێندنی کچان پاشانیش بوە هەوێنی دامەزراندنی کۆمەڵەی تایبەت بەخۆیان لەساڵی ١٩٣٠ لەلایەن حەپسەخانەوە بەناوی (کۆمەڵەی ئافرەتانی کورد). جگە لەهەوڵی خوێندەواری لەکاری سیاسیش ئافرەتان بەشدار بوونە وەک راپەڕینی ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠ (بەردەرکی سەرا) ژنانی سلێمانی بەشدارییان کردووەو تووشی لێپرسینەوەو فشاری دەسەڵاتی حکومەتی ئەو کات بونەتەوە، ئەوان دەورێکی باڵایان لە هەڵگیرسانی راپەرینەکەدا هەبووە (ئیبراهیم، ٢٠١٠، ٦٨). بەهەمان شێوە لەدەشتی هەولێریش لەساڵانی پەنجاکان لەئەنجامی زوڵم و زۆرداری ئاغاکان لە گوندەکاندا و چەوساندنەوەی ژنانی گوندنشین و بەکارهێنانیان وەکو خزمەتکاری ژنە ئاغاکان و بنەماڵەی ئاغاکان لەلایەک و داگیرکردنی زەوی و زارو داهاتی جوتیارەکان بەگشتی، چەندین راپەرین و نارەزایی لەم ناوچانە لەدژی پیاوانی ئاغا سەریانهەڵداوە و بەپێی سەرچاوە مێژوییەکان ژنانیش بەشدارییان کردووە (قەرەناوی، ٢٠٢٢، ١١١). ئەوەی زۆرترین کاریگەری لەسەر ئەم راپەرین و خۆپیشاندانانە هەبووە حزبی شیوعی عێراق بووە چونکە ئەوان خەریکی رێکخستنی کاری حزبەکە بوون هەوڵی هۆشیارکردنەوەی جوتیاران و کرێکارانیان دەدا. لەشاری کەرکوکیش ژنان شانبەشانی پیاوان لە مانگرتنەکانی کرێکاران بەشداربوون بەتایبەتی مانگرتنی گاورباغی لەساڵی ١٩٤٦. کە کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی عێراق بەمەبەستی باشترکردنی ژیان و گوزەرانیان سازیانکردبوو، ژمارەی ژنانی ئامادە لە خۆپیشاندانەکان نزیکەی ٧٠ ژن بووە (ئەحمەد، ٢٠١٧).

دوای کۆتایهاتنی جەنگی جیهانی دووەم و دەرکردنی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ لەلایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، گەلانی جیهان گرنگی زیاتریان بە بابەتەکانی ئازادی و دیموکراسیدا بەتایبەتی لەرێگەی دروستکردنی رێکخراوی پیشەیی و جەماوەرییەوە. لەعێراق و کوردستانیش چەندین رێکخراوی جەماوەری و پیشەیی لەناو پارتە سیاسییەکانی ئەوکات دامەزران، لەوانە لەساڵی ١٩٥٢ (رابطة دفاع عن حقوق المرأة) کۆمەڵەی پاراستنی مافەکانی ئافرەتان. سەرۆکەکەی (دکتۆرە نەزیهە دلێمی) بووە. وەکو بەشێک لە حیزبی شیوعی بەڵام کۆمەڵەیەکی جەماوەری بووە و ژمارەیەکی بەرچاوی ئافرەتانی لە دەوری خۆی کۆکردوەتەوە، سەبارەت بە ئافرەتانی کوردستانیش لەساڵی ١٩٥٣ (خانم زوهدی) پەیوەندی بە کۆمەڵەکە کردووە، هەروەها (موبەجەل بابان) و (ساکینە سلێمان) و (زەکیە بابان) و (مونیرە سەعاتچی) و (سامیە شاکر چاوشلی) و (خوشکە فریشتە) بونەتە ئەندام و لەشاروشارۆچکەکانی کوردستان لقی کراوەتەوە **(چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ پەخشان زەنگەنە، ٢٠٢٣/٨/١٢)**. یەکێتی ئافرەتانی کوردستان رێکخراوێکی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە لەساڵی ١٩٥٢ لەسلێمانی لەلایەن چەند ژنێکەوە دامەزراوە. رێکخراوە پیشەییەکان لەسەر پێشنیاری مام جەلال دادامەزرێن وەکو رێکخراوی قوتابیانی کوردستان و رێکخراوی ئافرەتانی کوردستان، کە ژنان لەهەردوو رێکخراودا چالاکبوونە، بە گوتەی مام جەلال کۆمەڵێک ژن لەم رێکخراوە ناسراوبوون ئەوانیش، ئەنجوم عبدواللە زوهدی، بەهیە مەعروف، ناهیدەی شێخ سەلام، درەخشان شێخ جەلال حەفید، روناک زوهدی، سورەیا خانی خوشکی مەسعود محمد، زکیە اسماعیل حەقی، ئەمانە هەوێنی دروستکردنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بوون (مام جەلال، ٢٠١٧، ٦٦).

جگە لەم چالاکییانەی باسکران کە بەشداری ژنان لە راپەرین لە دژی دەسەڵات و ئینگلیزەکان و رۆڵیان لە رووبەڕووبونەوەی رژێمەکانی ئەو کات نیشان دەدات، ژنان رۆڵی تاکەکەسیان لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان هەبووە، چ وەرگرتنی دەسەڵات و بەڕێوەبردنی میرنشینەکان بوو بێت یاخود لەڕێگەی نوسینی وتار و هۆنراوەوە بوبێت لەگۆڤارەکاندا هەندێک لەوانە بۆنی فێمینیستییان لێوە هاتووە بە نموونە، گوزیدە خانم هاوسەری عەبدولعەزیزی مستەفا پاشا یاموڵکییە، یەکەم بەڕێوەبەری قوتابخانەی کچان بووە لە سلێمانی. لەژمارە ١٣ ی رۆژنامەی ژیاندا بابەتێکی بڵاوکردووەتەوە لەژێر ناوی (ژن و تەئثیراتی لە حەیاتی مەدەنییەتدا)، (سالح، ٢٠٠٢، ٢٢). ئەوەی باسکرا کورتەیەکی مێژویی خەباتی ژنان بوو لە باشوری کوردستان کە مێژووەکەی دەکەوێتە بەر لە خەباتی شاخ. زۆرینەی کارو چالاکییەکانی ئەم قۆناخە لەژێر ناوی رێکخراوە جەماوەرییەکان ئەنجامدراون وەک یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان. دەکرێ وەکو سەرەتا و زەمینەسازییەک بۆ قۆناخەکانی دیکەی رێکخراوەکان و بزووتنەوەکانی فێمینیزمی لە کوردستان بیانناسین و ئاماژەیان پێبدەین. لەهەموو جیهانیش سەرەتاکانی سەرهەڵدانی خەباتی ژنان بەم شێوەیە بووەو دەکرێ هەندێک جیاوازی لە رووی کۆمەڵایەتی، سیاسی، رۆشنبیری و مێژووییەوە لە نێوان هۆکارەکانی دروستبوونی فێمینیزم لە وڵاتانی دنیادا هەبێت بەڵام بەشێوەیەکی گشتی زەمینە کۆمەڵایەتییەکان هەر بەم شێوازە بوونە. ئەوەی

راستی بێت لەم قۆناخەدا ژنان زۆر بەدەگمەن هەوڵی خوێندنیان داوەو داواکارییان هەبووە لەسەر کردنەوەی فێرگەدا زیاتر ئەم هەوڵانە لەلایەن پیاوە رووناکبیرەکانی کورد دراوەو ئەوان داوای خوێندنی کچان و کردنەوەی فێرگەی کچانیان کردووە، بە پێچەوانەی ژنانی رۆژئاوا، ئەوان خۆیان پێشەنگ بوون لەم داواکارییانەو تەنانەت لەلایەن پیاوانی رووناکبیرەوە رێگرییان لێکراوە. بەنموونە کتێبەکەی ماری ویلستن کرافت کە داوای دەکرد خوێندن و دەسەبەرکردنی مافە سەرەتاییەکانی ئافرەتان بە یاسا رێکبخرێت، ئەم کتێبەی وەکو وەڵامدانەوەیەک نوسی لە دژی جان جاک رۆسۆ کە لە کتێبی ئێمیڵدا ژنی بەدەر کردبوو لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا.

لەدوای شکستەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان لەساڵانی هەفتاکاندا و هاتنە سەر حوکمی بەعسیەکان لە عێراق ئیتر بارودۆخی سیاسی و بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردی کەوتە بەر شاڵاو هێرشی دەسەڵاتی عێراق، بەتایبەتی دوای هەڵوەشانەوەی بڕگەکانی بەیاننامەی ١١ی ئادار لەساڵی ١٩٧٤، ئیتر سەرکردەکانی شۆڕش خەباتیان لەشارەوە گواستەوە بۆ شاخ. لەبەرئەوەی خەباتی ژنانیش لە کوردستان وابەستەبووە بەخەباتی نەتەوەییەوە و بارودۆخی کوردیش لەدوای نسکۆی شۆڕش لەوپەڕی خراپیدابووە ئیتر لەم قۆناخەدا بەهیچ شێوەیەک خەباتی فێمینیزمی نابینرێت. ئەوەی بەدیدەکرێت چەند ژنێکی پێشمەرگە کاروچالاکیان لە شۆڕشی نوێی گەلی کورد بەسەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا ئەنجامداوە. بەڵام هیچ ژنێک لەناوەندی دەسەڵات و بڕیاردا نەبووە تەنانەت ناوناوبانگیشیان وەکو پێشمەرگە پیاوەکان نەهاتووە. تا لەساڵی ١٩٨٩ لەسەر پێشنیاری هێرۆخان لەشاری سەقز یەکێتی ژنانی کوردستان دادەمەزرێن و کافیە سلێمان بۆتە سکرتێری رێکخراوەکە، هەروەها گۆڤاری تەوار زمانحاڵی رێکخراوەکە بووە و تەنها دوو ژمارەی لە پێش راپەرین دەرچووە واتە دوای چواردە ساڵ بەسەر دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئینجا یەکێتی ژنان دادەمەزرێت. ئەندامانی رێکخراوەکە هۆکاری ئەم دواکەوتنە دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی کە لەم ماوەیەدا ژنان هاوشانی پێشمەرگە پیاوەکان خەباتی چەکدارییان بۆ رزگاری کوردستان کردووە، ئەوکات پێویستی نەکردووە رێکخراوی تایبەت بە ئافرەتان هەبێت، بەڵام دوای ئەنفال و کیمابارانی گوندەکانی کوردستان کە هەموو ئاوارە بوون لە ئێران یەکێتی ژنان وەکو پێداویستییەکی سەرەکی بۆ کۆکردنەوەی ژنان لەدەوری یەک و پەرتەوازە نەبوونیان دروست بووە. هەروەها لە تاراوگە دەرفەتی زیاتریان بۆ رەخساوە کە بەشێوەیەکی سەربەخۆ خەبات بۆ هۆشیارکردنەوەی ئافرەتان بکەن (چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ گولیزار خان بەڕێوەبەری کارگێڕی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، ٢٠٢٣/٨/٨).

### ٣-٢-٢- قۆناخی دوای راپەڕین

راپەڕین وەرچەرخانێکی گەورەبوو لەمێژووی کوردستان لەهەموو بوارەکاندا بەتایبەت لە بواری سیاسی کە فاکتەری سەرەکی گۆڕانی کۆمەڵایەتییە لەهەر کۆمەڵگایەدا. ئەگەرچی هەر لەدوای راپەرین بەر لە دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتیش بە گوتەی پەخشان زەنگەنە، ژنانی کوردستان کۆبوونەوەی خۆیان لەسەر پرسەکە بەتایبەت گۆڕینی یاسای باری کەسی و یاسای تایبەت بە نەهێشتنی توندوتیژی ئەنجامداوەو داواکاریان پێشکەشی حیزبە سیاسیەکان کردووە، بەڵام ئازاد بوونی باشوری کوردستان ئەزموونێکی تازە بوو هێشتا بەرپرسان و کاربەدەستانی بەرەی کوردستانی لەخەوی قوڵی خەباتی شاخ وەخەبەر نەهاتبوون تا بەدەنگ داواکارییەکانیان بچن، بوار بۆ ژنان نەڕەخسابوو فشاری جدی بخەنە سەر پارتە سیاسیەکان و بەرەی کوردستانی. هەروەها هیچ رێکخراوێکی سەربەخۆی تایبەت بە ژنان لەهیچ شارێکی کوردستان نەبوو، تەنانەت چەمکەکانی فێمینیزم جێندەر نەهاتبوونە ناو فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردییەوە. بەڵام لەسەرەتای سەدەی بیست و یەک و بە دیاریکراویش دوای ساڵی ٢٠٠٣ هەندێک لە چالاکوانانی مافەکانی ژنان کە لە وڵاتانی خۆرئاوا گەڕابونەوە دەستەواژەی فێمینیزمیان هێنایە بەر باس و چەندین وتار لە گۆڤا رو رۆژنامەکان بڵاودەکرانەوەو چەند کتێبێک لەلایەن نوسەران و روناکبیرانی بواری فێمینیستی چاپکران. لەوانە کتێبی (ئازاد کردنی مێژوو) لەلایەن مهاباد قەرەداخی ساڵی ٢٠٠٤، هەرەها کتێبی (فێمینستناسی و جڤاکی کوردی) لەلایەن کازیوە سالح ساڵی ٢٠٠٥، واتە ئەم چەمکە توندوتۆڵ بەستراوەتەوە بە ژنانی دەستەبژێری چینی ناوەندی کۆمەڵگای کوردی لە بەرامبەر کار و چالاکییەکانیاندا بۆ بەرگریکردن لەتەواوی ژنانی کورد کە ساڵانێکی زۆر بوو بێناسنامە و پەراوێزخرابوون، بەکاریان هێنا. بەڵام هەر لەسەرەتای ئاشنابوونی خەڵکی کوردستان بەم چەمکە و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت لایەنگرانی رووبەڕوی چەندەها پەرچەکرداری توند بونەتەوە نەک تەنها لەلایەن پیاوانەوە بەڵکو لەلایەن خودی ژنانیشەوە هەروەها لەلایەن زۆرینەی ئەو پیاوانەش کە رۆشنبیر و دەستەبژێرن، لەکاتێکدا لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا پیاوانی نوسەر و شاعیری کورد دەستپێشخەربوون لە بەدەنگەوەهاتنی کێشەی ژنان و جیاکاری رەگەزی لە کوردستان ئەوان دەستەواژەکانی کێشەی ئافرەتان، مافی ئافرەتان یاخود مەسەلەی ژنانیان لەجێی فێمینیزم بەکارهێناوە.

واتە تا نزیکەی سەدەیەک کار و چالاکییەکان لەژێر ئەم ناوانەوە ئەنجامدەدران. بەڵام پەرچەکردارەکان زۆر کەمتر بوون، لەگەڵ هاتنی چەمکی فێمینیزم بۆ ناو ئەدەبیاتی کوردییەوە کاردانەوەکان زۆر توندتر بوون، ئەم چەمکە نەک هەر بەتەنها لە کوردستان بەڵکو لە وڵاتانی خۆرئاواش روبەڕوی هەمان پەرچەکردار بۆتەوە، لەم بارەیەوە بێل هوکس دەڵێت: زۆرینەی خەڵک پێیان وایە فێمینیزم تەنها ئەو ژنانە دەگرێتەخۆ کەداوای یەکسانی ژن و پیاو دەکەن، یاخود فێمینیزم بە دژە پیاو لەقەلەم دەدەن، چونکە خەڵک لە میدیای جەماوەری پیاوسالارییەوە فێری فێمینیزم بوون (Hooks, 2000, 1). سەرەڕای ئەمانەش دەبینین رەوتی فێمینیزم لە کوردستان رۆژ لەدوای رۆژ لە پەرەسەندندایە و لە ئێستادا چەمکی فێمینیزم خەریکە وەکو چەمکێکی زانستی لەبواری ئەکادیمیدا جێگەی خۆی دەکاتەوە، لەژێر کاریگەری فەلسەفەی سیاسی و ئایدیۆلۆژیی چەمکگەلی دیکە لەبری فێمینیزم سەریانهەڵداوە وەک چەمکەکانی ژنۆلۆژی، فێمینیزمی رۆشنگەری، ژنگەرایی و مێگەرایی، ئەمانە لەلایەن حزبە عەلمانییەکانی کوردستان پاڵپشتی دەکرێن و بەرنامەڕێژکراون و هەوڵی دارشتنی فەلسەفەی فێمینیزمن لە کوردستان، لەلایەکی دیکەوە ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی سیاسی هەوڵی چنینی بەرگێکی ئایینیە بۆ دیاردەکە، هەروەها رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە تایبەتن بە کەیسی ژنان و وەکو لایەنی سەربەخۆ و ئازاد لەدەسەڵات و حزب خۆیان دەرخستووە لەژێر کاریگەری رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە خەریکی ئەنجامدانی کاروچالاکین کە هەمان بەرنامە و پرۆگرامی رێکخراوە جیهانییەکان پێڕەو دەکەن ئێستا لە گۆڕەپانەکەدا ئامادەن. واتە سێ رەوتی سەرەکی فێمینیزم ئێستا لە کوردستان دەست بەکارن کۆمەڵەی یەکەم هەوڵی دانانی تیۆر و لەبواری هزری و مەعریفیدا کاردەکەن، کۆمەڵەی دوەمیش رێکخراوەکانی ئافرەتانن کە لایەنی پراکتیکین لەسەر دیاردەی فێمینیزم. کۆمەڵەی سێیەمیش ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی سیاسیە لەژێر کاریگەری دەوڵەتانی ئیسلامی.

### ٤- پێگەو رۆڵی ئافرەتی کورد:

ئەوەی راستی بێت پێگەی ژن لەهەر کۆمەڵگایەکدا ئاوێنەیەکی راستەقینەیە، راستی ئەو کۆمەڵگایە و رەوت و شێوەی ژیانی و بیرکردنەوەو ئاستی ژیاری تیا رەنگدەداتەوە. ئافرەتیش بە درێژایی مێژوو بەپایەی جیاجیادا تێپەڕیوەو هەندێک جار رۆڵی بەرچاو هەندێک جاریش بێ رۆڵ بووە. هەروەها لەهەندێک ناوچەدا پێگەی بەرچاوی هەبووەو لەهەندێک ناوچەی دیکەدا دیار نەبووە (سندی،٢٠٠٢: ١١٧).. لە زۆربەی سەرچاوە پەیوەندیدارەکان بە کۆمەڵگای کوردستانی هەروەها دیدو بۆچونی رۆژهەڵاتناسەکان کە لەکوردستان ژیاون و لەنزیکەوە ئاگاداری تایبەتمەندییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی ئاڤرەتی کورد بوونەو پێگەی ژنی کورد لەنێو خێزان و هۆز و کۆمەڵگادا بووەتە جێی بایەخی زۆربەی هەرە زۆریان، دەردەکەوێت کە پێگەی ژنی کورد بە بەراورد بە ژنانی ناوچەکانی دیکەی رۆژهەڵات، جیاواز بووە. بەڵام زۆرینەی ئەو رۆژهەڵاتناسانە سەردانی ماڵە کەورەو ناودارەکانی کوردستانیان کردووە، ئافرەتانی بنەماڵە گەورەو ناودارەکانیش وەکو هاوسەری ئاغا (ئاغەژن) و کچی ئاغا خاوەنی پێگەیەکی بەرزتر بوون بە بەراورد بە ژنانی چینی خوارەوەی کۆمەڵگا. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر سەیری رەوشی شوانکارەیی و لادێی کوردستان بکەین جیاوازە لە رەوشی عەرەب و تورک و فارس. ژیانی لادێکانی کوردستان بەتایبەتی لەو سەردەمدا لەگەڵ ئازادی ئافرەتاندا گونجاو بووە. هەروەها کلتوری کوردی زیاتر زاڵبووە لە کلتوری عەرەبی و ئیسلامی، (هێنی هەرۆڵد هەنسن) دەڵێت: لە وڵاتانی ئیسلامیدا جیاوازی زۆر لەنێوان ئافرەتان و پیاواندا هەیە بەجۆرێک پیاوان لەدەرەوەی ماڵ دەژین و ژنانیش لەناو ماڵەکاندا لە حەوشە دەژین، لەو حەوشانەوە و لە پەنجەرە داپۆشراوەکانەوە دەتوانن دەرەوە ببینن بەڵام خەڵک لە دەرەوە ناتوانن ئەوان ببینن (هەنسن،١٩٨٠: ١٨٤). وەک ئاشکرایە پێگەی هەر کەسێک پەیوەندی راستەوخۆی بە رۆڵ و ئەرکی ئەو کەسەوە هەیە، هەروەها پەیوەندی بە ئاستی ژیاری و رۆشنبیری کۆمەڵگاکە هەیە و تەنانەت لە خێزانێک بۆ خێزانێکیتر و لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکیتر جیاوازە، بۆیە ناکرێت ئافرەتانی کوردستان هەموویان لەژێر یەک چەتردا کۆبکەینەوە.

#### ٤-١- ئەرک و پیشەی ئافرەتی کورد

بۆ باسکردنی کاروپیشەی ئافرەتانی کوردستان ناتوانین هەموویان لەژێر یەک چەتردا کۆ بکەینەوە، مرۆڤناسی دەنیمارکی هێنی هەرۆڵد هەنسن لە توێژینەوەکەیدا لەسەر ژیانی ئافرەتانی کوردستانی نوسیوە، ئاماژە بە دوو مەڵبەندی شار و لادێ دەکات کە ئاستی رۆشنبیریان جیاوازە ئەوانیش هەریەک دابەشی دوو مەڵبەند دەکات بەجۆرێک لادێکان لە دوو چینی دەرەبەگ و کرمانج پێکهاتوون، شارەکانیش دابەشی دوو بەرە دەکات ئەوانیش خوێندەوار و نەخوێندەوارەکانن (هەنسن، ١٩٨٣، ٣١). سەبارەت بە ئەرکی ئافرەتانی لادێ مینۆرسکی دەڵێت: ژن و کچەکانیان ئیش و کاری قورسی ناوماڵ دەکەن لەکانی ئاو دەهێنن، بۆ ران دۆشین و دار هێنان دەچنە سەر چیا بەرزەکان، سەرەڕای ئەمانە هەمیشە مناڵەکانیان هەڵگرتووە و بە پشتێنێکی پان لەکۆڵیان دەیانبەستن

(مینورسکی، ١٩٨٦، ٧٤). جگە لەمانەش هەندێک پیشەی دەستی لەماڵەوە ئەنجام دەدەن و پێویستی خۆیانی پێ پردەکەنەوە وەک، رستن وچنین، گڵێنەسازی بۆ دروستکردنی جلوبەرگ و فەرشی بچوک (بایەزیدی، ١٩٨٢، ٢٧). بێگومان ئەرکی ئافرەتە دەرەبەگەکان هێندە قورس و زەحمەت نەبووە هەروەە هەنسن ئاماژەی بۆ کردووە هەندێک کاری ناوماڵ و دەوروبەری ماڵ وەکو باخچەی ناوماڵان و ناو رەزان ژنە گەورەکانی دەرەبەگ دەیانکەن و منداڵ و خزمەتکارەکانیش یارمەتی دەدەن بەڵام ئیشی دەرەوە چوونە بێری سەر شاخان خزمەتکارەکان دەیکەن (هەنسن، ١٩٨٣، ١٣٦). ئافرەتان بەگوێرەی توانا و هێزی خۆیان کشتوکاڵ و درەو گێرەو شەنیان کردووە، بەڵام پارەیەکی دیاریکراویان لەبەرامبەردا وەرنەگرتووە تا بە ئارەزووی خۆی پێداویستییەکانیان دابین بکەن، هەر ئەوەندە بووە هەندێ پێویستی سەرەتاییان بۆ دابینکراوە (غالب، ١٩٧٠، ١٩). لەشارەکاندا ئافرەتان کاروباری ناوماڵیان رادەپەڕاند، تا نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم بەشدارییان لە کاروباری حکومی ئیداریدا نەکردووە. بەڵام دوای ساڵانی پەنجاکان و هاتنە ئارای گۆڕانکارییەکان و دەرچونی کۆمەڵگای کوردستانی لەو داخراویەی تێایدا بوو، هەروەها دامەزراندنی خوێندگەی کچان تا رادەیەک دەرفەتی کارکردن بۆ ئافرەتان لە دەرەوەی خێزانەکانیان رەخسا، بەتایبەتی کاری پەرستاری و مامۆستایی (گۆڤاری بابان، ٢٠٠٦، ٦٨). لەدوای ساڵانی پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی رابوردوو بەدواوە ئیتر ژمارەی خوێندنگاکانی کچان زیادی کردوو ساڵ دوای ساڵ ژمارەی قوتابیانی کچ روو لەزیادبوون بووە، لەشارەکاندا ئافرەتی زیاتر بوونە خاوەن کاری خۆیان لە کەرتی حکومیدا، ئەمەتا ئاستێکی باش گۆڕانی لە رەوش و پێگە و رۆڵی ئافرەتاندا بینی بەتایبەتی لەشارە گەورەکانی کوردستان. بەڵام ئافرەتانی لادێنشینی تا ئێستاش گۆڕانکارییەکی گەورە بەسەر ژیانی ئابورییاندا نەهاتووە هەندێکیان تا ئێستاش خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵن بەڕێژەیەکی بەرز نەخوێندەوارن بۆیە پیشەی فەرمانبەری حکومی و مامۆستایەتییان نیە و تەنها خەریکی ئیشوکاری ماڵەوەن. هەندێکیتریان بەهۆی کۆچکردنیان بۆ شارەکان بەتایبەتی بنەماڵە دەرەبەگ و خاوەن زەوییەکان لەشاردا بونەتە خاوەن کاری بازرگانی و کۆمپانیاکان.

### ٤-٢- ئافرەت و خوێندن لە کوردستان

خوێندن و خوێندەواری لە ژیانی ئافرەتاندا مێژویەکی درێژی نیە و سەدەیەک تێپەڕ ناکات. زیاتر پیاوان لەم پرۆسەیەدا سوودمەند بوون. نیشانەو بەڵگەکان دەسەلمێنن لەرابوردوودا دۆخی یەکسان بۆ پەروەردەی ژن و پیاو نەبووە، حوجرە و قوتابخانەکانیش تەنها شوێنێک بۆ فێرکردنی پیاوان بووە، ئافرەتان دەرفەتی کەڵک وەرگرتن لەم شوێنانەیان نەبووە (خەلیقی، بێ ساڵی چاپ، ١٤٢). کەمی دەرکەوتنی ئافرەتان لەم بوارەدا بەهۆی بەهۆی ئەو بار و دۆخە نالەبارە سیاسییەی کوردستان بووە، لەلایەکی دیکەشەوە بوونی رژێمی دەرەبەگایەتی و چەوساندنەوەی زۆرینەی خەڵکی هەژار لەلایەن ئاغا و دەرەبەگ و سەرۆک خێڵەکانەوە و فەرامۆش کردن و گرنگی نەدان بە مێینەکان لەم سیستمەدا رەوشەکەی ئەوەندەیتر ئاڵۆزکردبوو. زۆربەی هەرە زۆری ئافرەتانی کورد تا هەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی رابوردوو نەخوێندەوار بوون. هەروەها هۆکارێکی دیکەی ئەم دواکەوتوویە ئافرەتان خۆیان بوون، سەرەڕای ئەوەی لەلایەن نوسەران و روناکبیرانی ئەو کات هەوڵ و کۆششی بەردەوام هەبووە لەڕێگەی نوسین و هۆنراوەکانیانەوە هانی ئافرەتانیان داوە پشتگیرییان کردوون تا خۆیان لەچوارچێوەی ژورەوە ئازاد بکەن و بێنە مەیدانی خوێندن و نوسینەوە، بەڵام هەر بیریان لەوە نەکردوەتەوە تا هەوڵی فێربوون بدەن، لەمبارەیەوە هەنسن دەڵێت: من سەرم لەوە سوڕدەمێنێت ئافرەتە نەخوێندەوارەکان بیر لە خوێندن ناکەنەوە لەگەڵ ئەوەی بە کتێب و کاغەزی نوسراو دەورەدراون، زۆربەی ئەو ئافرەتانەی من ناسیومن ژیر و زیرەکن بەڵام بە دەگمەن ئەو ژیریەیان بۆ بیری نوسراو بەکارهێناوە، تەنانەت لەو ماڵانەی کە ئافرەتی خوێندەواریشی لێیە بەڵام فێری ئەوە نەبوون شت بخوێننەوە (هەنسن، ١٩٨٠، ١٧٦).بەگوێرەی زانیارییەکان لەساڵی ١٩٥٢ لەپارێزگای هەولێر ٧٥٩ و لەپارێزگای سلێمانیش ١١٣٢ قوتابی کچ هەبوون (مەزهەر، ١٩٨١، ٧٧). وردە وردە ئەم رێژەیە بەرزبویەوە تا راپەڕینی ١٩٩١ و بەتایبەتیش دوای ئازادکردنی عێراق لە ٢٠٠٣. پرۆسەی پەروەردە سەرەڕای کەمر و کورتیەکان بەڵام تا ئاستێکی باش بەرەو پێش چووە بەمەبەستی لەناوبردنی نەخوێندەواری یەکجاری دروشمی (خوێندن بۆ هەموان) ئامانجی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم بوو ئەوەبوو قوتابخانەی نەوجەوانان و بنکەی نەهێشتنی نەخوێندەواری کرانەوەو بەڕێژەی ٥٥،٤٪ ئافرەتان تیایدا سوودمەند بوون، هەروەها خوێندنی خێرا سیستمێکی نوێبوو وەزارەتی پەروەردە ساڵی ٢٠٠٤ پەیڕەوی کرد بۆ ئەو قوتابیانەی لە خوێندن دابڕابوون. بەهەمان شێوە لەسەر ئاستی خوێندنی باڵاش ژمارەی زانکۆ و پەیمانگاکان زیادی کردووە بەشێوەیەک لەهەر شارێک زانکۆ وپەیمانگا هەیە و لەگەڵ چەندانی ناحکومی و نێودەوڵەتی، کە ژمارەی قوتابیانی کچ و کوریش وەکو یەکە (رۆژ، ٢٠١٧، ٣٩).

### ٤-٣- کارکردنی ئافرەتان لە دامر و دەزگاکان

بارودۆخی ئابوری کوردستان لەدوای نەوەدەکان قۆناخی جیاجیای بەخۆیەوە دیوە، لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا هێزی کاریش گۆڕاوە تا ئەو کات زۆرترین ڕێژەی هێزی کار لەنێو رەگەزی نێردا تۆمارکراوە. بەڵام لەدوای (٢٠٠٣) بەهۆی باشتر بوونی رەوشی ئابوری هەرێم ژمارەیەکی زۆر لەکەسانی هەڵگری بڕوانامە لە فەرمانگەکانی حکومەت دامەزران، لەناویاندا ڕێژەیەکی بەرچاو لە ئافرەتان بوونە خاوەنی کاری خۆیان. جگە لە کەرتی حکومی کۆمپانیاکان و کردنەوەی قوتابخانەو نەخۆشخانەو زانکۆ و پەیمانگای تایبەت دەرفەتێکی باشی بۆ ئەو ئافرەتانەی لە کەرتی حکومی دانەمەزراون رەخساندووە. بەڵام ئەوەی شایانی باسە ئافرەتان دەرفەتی کەمتر لە پیاوانیان هەیە لە کەرتی تایبەتدا بە گوێرەی زانیارییەکانی ئێمە لەساڵی (٢٠١٥) ڕێژەی بەشداری ئافرەتان لە کەرتی تایبەت ٢٤٪ لەکاتێکدا پیاوان ٧٦٪ هێزی کاری تایبەتیان پێکهێناوە. هێشتا لە کوردستان و لەناو هەموو خێزانەکان ڕێگە بە ئافرەتان نادرێت لەهەموو شوێنێک کار بکەن، لەبەر ئەوەی کاری کەرتی تایبەت مێژوویەکی کورتی هەیە و تا ئێستا وەکو کەرتی حکومی نەبۆتە ئاسایی لەلای خەڵک، لەلایەکی دیکەشەوە کاتژمێرەکانی کارکردن لە کەرتی تایبەت زۆرە و رەنگە ئافرەتان بەهۆی ئەرکی ماڵ نەتوانن ئەو ماوە درێژە لە شوێنی کار بمێننەوە.

### ٤-٤ رۆڵی ژن لە هۆنراوە

ژنی کورد لەپاڵ ئەرکە خێزانی و پەروەردەییەکانیدا کەمر تا زۆر توانیویەتی بەشداری لەپرۆسەی مەعریفیدا بکات و ئەندێشە و هەست و خەیاڵی خۆی لە فۆڕمی ئەدەبیدا دەربڕن. بەهرەکانی خۆیان لەچوارچێوەی هۆنراوەو چیرۆک و رۆمان و تەنانەت شانۆشدا دەربخەن. هەندێکجار شەرمنانە و بەترسەوە وشەی خۆی درکاندووەو هەندێکجاریش بە راشکاوانە داکۆکی لە خواستەکانی کردووە و بوەتە زمانحاڵی هاوڕەگەزەکانی و لەپێناو خەباتکردنی ئازادانەو شکاندنی کۆت و بەندی سەپاوی سەریان (رشید، ٢٠١٠، ٩٤). لەسەردەمی بابا تاهیر ئاماژە بەناوی چەند ژنێک کراوە کە بەرهەمی هۆنراوەیان هەبووە لەوانە، (فاتمە لورە) (لزا خانمی جاف) (خاتوو مەی زەرد)، لەهەموانیش دیارتر فاتمە لورەیە کە هاوکاتی بابا تاهیر بووە، لەسەدەی نۆزدە ناوی مەستورە خانمی ئەردەلانی دەدرەوشێتەوە، لەنێوان ساڵانی (١٨٠٤-١٨٤٨) ژیاوە، ناوی (ماە شەرەف خانمر) بووە لەبنەماڵەی دەسەڵاتداری شاری سنە بووە کە بە قادریەکان ناسراون، مەستورە نازناوی ئەدەبی ئەوە. جگە لە هۆنراوە نوسین و خولیای بۆ ئەدەب، لەنوسینی مێژوشدا کارامە بووە و میرنشینی ئەردەلانی نوسیوەتەوە، بەمەش بووە یەکەمین ئافرەتی کوردی مێژونوس لە دیرۆکی کورددا (بۆرەکەیی، ٢٠٠٨، ٩٨). لەسەدەی بیستەمیشدا ئافرەتێکی دیکەی کارا لەبواری ئەدەب دەرکەوتووە ئەویش (رەوشەن بەدرخان)ە، لەدوای مردنی هاوسەرەکەی (جەلادەت بەدرخان) هەوڵدەدات کارەکانی ئەو تەواو بکات و لەسەر وەسیەتی هاوسەرەکەی بۆ پێشکەوتنی وێژەی کوردی تێدەکۆشێت. لەساڵی (١٩٥٣) سەردانی باشوری کوردستانی کردووە دوای گەڕانەوەی بۆ شام بەرهەمێکی بەچاپ گەیاندووەو هەندێک لە هۆنراوەو هەڵبەستەکانی بۆ زمانی عەرەبی وەرگێڕاوە (فەتاح، ١٩٥٨، ٢٦). بەشێوەیەکی گشتی لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی رابوردوو بەدواوە لەئەدەبیاتی کورددا چەند ئافرەتێک بەدیدەکرێت و تواناکانیان لە نوسینی هۆنراوە خستۆتەکار لەوانە (خورشیدە بابان)، هەروەک خۆی دەڵێت لەساڵی (١٩٥٨) وردە وردە دەستمر بە نوسینی شیعر کرد بەبێ ئەوەی بزانم شیعر چیە و چۆنە لەهۆنراوەکانیدا دەیەوێت ئەوە نیشان بدات کە ئافرەتی کورد تینوی ئازادی و سەربەستیە، هەروەک لەمر دێرە هۆنراوەیدا دەڵێت: (چەند خۆشە ئێمەش ئاسایی بژین. چەند خۆشە هەوای سەربەستی هەڵمژین)، (بابان، ١٩٨٨، ٨). یەکێکی دیکە لە شاعیرە دیارەکانی ئەو قۆناخە (دایکی سۆلاف)ە، رۆڵێکی دیاری هەبووە لە هاندانی ئافرەتان بۆ خوێندن وەک لەمر پارچە هۆنراوەیەیدا هاتووە: خوشکان بخوێنن خوێندن چرایە ..نەخوێندەواری دەرد و بەڵایە ..هەتا ئەتوانن فێربن بخوێنن بە رەنجی شانتان نانتان بسێنن. (دایکی سۆلاف، ١٩٨٢، ١٣٦)

### ٤-٥- رۆڵی ژن لە چیرۆک و رۆمان

لەسەرەتای چلەکانی سەدەی رابوردوو چیرۆک رۆڵێکی باڵا و گرنگی هەبوو لە ئەدەبی نوێی کورددا. کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر بیروباوەڕی خوێنەرانی ئەو سەردەمە. ناوەرۆکی چیرۆکەکان رەنگدانەوەی ئەو هەڵوێستانەبوون کە لەخزمەت بزووتنەوەی نیشتمانیدا بوون. هەروەها بەشی زۆری بەرهەمی ئەو ساڵانە بۆ دەرخستنی باری ناهەمواری ژیانی زەحمەتکێشان و دەردی هەژاری و گرفتی نەخوێندەواری تەرخان کرابوون (عارف، ١٩٧٧، ١٠). لەو سەروبەندەدا چەند چیرۆکێک بە خامەی ئافرەتان نوسرانەوە لەوانەچیرۆکی (ئایشە هەڕە) لەلایەن گەلاوێژ ئیبراهیمر لەساڵی (١٩٦٨) لە رۆژنامەی راپەڕین و چیرۆکی (خانمە خەمبارەکە) لەلایەن حەسیبە ئەحمەد لەساڵی (١٩٦٩) لە رۆژنامەی رزگاری، هەروەها (ئەحلامر مەنسور) یەکەمین ژنە رۆژنامەوانی کوردە لەساڵی (١٩٧٤) لەدەزگای هاوکاری بۆ بڵاوکردنەوەی کوردی دامەزراوەو دەستی بەکاری رۆژنامەوانی کردووە، لەساڵانی هەشتاکانیش دەستی بە نوسینی چیرۆک و رۆمان کردووە، یەکەمر بەرهەمی بەناوی (ئامە رەش) بووەو هەروەها رۆمانێکی تری بەناوی (ئەڵوەن) یەکەمین

بەرهەمە بەزمانی کوردی لەبواری فێمینیزم نوسراوە کە باس لە کێشە و ئاریشەکانی ئافرەتانی هەژار دەکات (ئەحمەد، ١٩٩٨، ٧٥). ئەگەرچی ژمارەی ئافرەتانی نوسەر و روناکبیر لەپەنجەکانی دەست تێپەڕی نەکردووە، بەڵام ئەم چەند ئافرەتەی رۆڵیان هەبووە لەنوسیندا توانیویانە لە رێگای بەرهەمەکانیانەوە گوزارشت لەو بارودۆخە نالەبارەی گەلی کوردستان و بەتایبەت ئافرەتان تیایدا ژیاون بکەن، دژی ئەو داب و نەریتانە وەستاون کە ئەوکات باوبوون.

### ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

**١-** ڕەوتی فێمینیزم سەرەتا لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدە لە ئەوروپا سەریهەڵدا وەکو بەشێک لەگوتاری مۆدێرنیتە و پاشان هزرەکە گواسترایەوە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. بەڵام بەر لەم مێژووە چەندین ژن لەسەرەتای سەردەمی رێنیسانسەوە لەڕێگەی نوسینەکانیانەوە لەم نوێبوونەوەیەدا بەشداری بەرچاویان هەبووە لە دەربڕینی دەنگی نارەزایی و داکۆکیکردن لە مافە سەرەتاییەکانی وەکو خوێندن و چوونە قوتابخانە و مافە مەدەنی و یاسایی و سیاسییەکانیانەوە.

**٢-** چالاکیە فێمینیستییەکان لەسەدەی هەژدەدا شێوازێکی جیاوازبوو بەبەراورد بەسەدەکانی تر، یەکێک لە گرنگترین ئەو رووداوانەی لەسەدەی هەژدەدا روویدا کە پەیوەندی راستەوخۆی بە بزاڤی ژنانەوە هەبوو، شۆڕشی فەرەنسی بوو. ژنان لەو سەردەمەدا بەبیرکردنەوەیەکی تەواو ژنانە بەشدارییان لە شۆڕش و دەرئەنجامەکانی شۆڕشدا کرد. بەهەمان شێوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەمریکا هەر زوو ژنان داواکارییەکانیان بۆ مافی بەشداری سیاسی و مافی دەنگدان بەرزکردەوەو بەشداریان لە بزوتنەوە کرێکارییەکان و نەهێشتنی دژە کۆیلایەتیدا کرد

**٣-** ڕەوتی بەرەوپێشچوونی بزاڤەکانی ژنان چەندین قۆناخی جیاجیای بەخۆوە دیوە، لەمێژوودا بە شەپۆلەکانی فێمینیزم ناسراون. لەهەر قۆناخێکیشدا داواکارییەکان لەسەر بنەمای گۆڕانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا کاریان لەسەر کراوە. شەپۆلی یەکەمی داوای بەدەستهێنانی مافە مەدەنی و سیاسیەکانی کردووە. شەپۆلی دووەمی هێنانە بەرباسی چەند پرسێکی جیاوازی وەکو کرێی کاری یەکسان، مافی ژن بەسەر جەستەی خۆی، سێکس و دەسەڵاتی پیاو، مافی رێگری کردن لە دووگیانبوون، دژە هەڵبژاردنی شاجووانی. ئەم بابەتانە تا ئەوکات بڤە و تاڕادەیەکیش قەدەغە بوون.

٤-رەوشی ئافرەتان لە کوردستان گۆڕانی بەسەرداهاتووە، بوەتەهۆی گۆڕینی رۆڵ و پێگەیان بەتایبەتی لەبواری پەروەردە و خوێندنەوە. هەروەها لەبواری ئابوریدا ئێستا ئافرەتانی کوردستان رێژەیەکی بەرزی هێزی کاری حکومی پێکدەهێنن. ئەمەش وایکردووە ئافرەتان رۆڵێکی کاریگەرتر لەکۆمەڵگادا بگێرن و پێگەیەکی شایستەتر بەدەست بهێنن.

### راسپاردەو پیشنیارەکانی تویژینەوەکە:

**١-** خەباتی فێمینیستی لەهەر کۆمەڵگایەکدا پێویستی بە قوربانیدان و خەباتێکی رادیکاڵی هەیە لەلایەن ئەو کەسانەی بانگەشەی بۆ دەکەن بەجۆرێ داواکارییەکان لە هەناوی واقیعی کۆمەڵایەتی و بارودۆخی ژنان لە کۆمەڵگاکەدا، سەری هەڵدا بێت.

**٢-** پێویستە میتۆدی کارکردن و میکانیزمەکانی خەباتکردن لەلایەن بزووتنەوەکانی ژنان دیاری بکرێن تا ببێتە بنەمایەکی هزری و تیۆری لەسەر ئاستی ئەکادیمی و بە توێژینەوەی زانستی ورد لەرێگەی زانکۆکانەوە پرسی یەکسانی بوروژێندرێت.

### پەراوێزەکان

**:New Deal** واتە رێککەوتنی نوێ، بریتیبوو لە زنجیرە پرۆگرامێک لەوانە پرۆژەی کاری گشتی، چاکسازی دارایی و یاساکان. کە فرانکلین دی رۆزفێلت لە ساڵانی سیەکان دایمەزراندبوو.

### لیستی سەرچاوەکان:

#### سەرچاوە کوردییەکان


- ئەحمەد، رێبوار. (٢٠١٧). گاووڕباخی داستانێک لە خەبات و یەکڕیزی چینی کرێکار، رۆژنامەی بۆ پێشەوە، ژمارە یەک.
- ئەحمەد، نەجیبە. (١٩٩٨). چاوپێکەوتن، گۆڤاری رامان، ژمارە ٢٧، هەولێر .
- بابان، خورشیدە. (١٩٨٨). دارەوان، دار الحریة للطباعة، بەغداد.
- بایەزیدی، مەلا مەحمودی. (١٩٨٢). داب و نەریتی کوردەکان، و: شوکریة رسول، چاپخانەی العدالة، بەغداد.
- بۆرەکەیی، صدیق. (٢٠٠٨). مێژووی ئەدەبیاتی کوردی، ب١، چ٢، دەزگای ئاراس، هەولێر.
- تاهیر، شیرین. (٢٠١٥). ٢٥ ساڵ لەمێژوی گۆڤاری تەوار، گۆڤاری تەوار، ژمارە ٥٠، چاپخانەی کوردستان، سلێمانی.
- خەلیقی، حوسێنی. (بێ ساڵی چاپ). کۆمەڵناسی کوردەواری، بەرگی دووەم، بێ شوێنی چاپ.
- دایکی سۆلاڤ. (١٩٨٢). چەپکێ وەنەوشە، دار القادسیة للطباعة، بەغداد.
- رشید، سابیر حسین. (٢٠١٠). دیاردەی فێمینیزم لە ئەدەبی چەند نوسەرێکی مێینەی کورد، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، زانکۆی سەلاحەدین.

- رۆباتام، شێلا .(٢٠١٠) .*ژنان لە بزاوتندا فێمینیزم و چالاکی کۆمەڵایەتی، و:* یادگار حەمەغەریب، سلێمانی :چاپخانەی تەوار.
- رۆژ، کۆسار کریم. (٢٠١٧). بەرەو پێشچوونی رەوشی ئافرەتان ١٩٩٢تا٢٠١٧، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
- سالح، کازیوە .(٢٠٠٦) .*فێمینیستناسی و جڤاکی کوردی* .گۆڤاری رەهەند، ژ :١٨-١٩ :نێوەندی رەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی.
- سید، ئەشرەف سالح محمد .(٢٠١٤). *بنچینەکانی رێنیسانسی ئەوروپا*، و:شێرزاد هەینی هەولێر :خانەی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
- عارف، حسین.(١٩٧٧). چیرۆکی هونەری کوردی، دار الحرية للطباعة، بغداد.
- غالب، صباحی. (١٩٧٩). ئافرەت لە چیرۆکی کوردیدا ١٩٢٥-١٩٧٠، دار الحرية للطباعة، بغداد.
- فەتاح، شاکر. (١٩٥٨). ئافرەتی کورد، چاپخانەی مەعارف، بەغداد.
- ڤینسنت، ئاندرۆ.( ٢٠٠٣) .*جیهانی فێمینیزم، و:* ئەکرەمی میهرداد، سلێمانی :چاپخانەی شڤان.
- قاسملو، دکتور عبدالرحمن ،(٢٠٠٦)کوردستان وکورد ،لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی وئابوری ،هەولێر ،چاپخانەی مناره ،چاپی دووەم
- *قانع، مەریوان وریا ،(٢٠٠٥) ناسیونالیزم وسەفەر ،کورد لە دیاسپۆرا ،لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی رەهەند ،چاپخانەی رەنج ، سلێمانی*
- قەرەداخی، مەهاباد. (٢٠٠٥). ئازادکردنی مێژوو، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- قەرەناوی، بەشدار عمر. (٢٠٢٢)، رۆڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی ژنی کورد لەباشوری کوردستان ١٩٢١-١٩٥٨، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
- مام جەلال، (٢٠١٧). دیداری تەمەن لە لاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆمار، ئامادەکردنی سەلاح رەشید، چاپخانەی کارۆ،ب١.
- موحسنی، مەنوچێهر(٢٠٠٥) .*کۆمەڵناسی گشتی* .موسلح .ئیروانی، و: .هەولێر :دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی.
- موسەوی، مەنوچێهر .(٢٠٠٨) .کورتە مێژویەکی تیۆرە فێمینیستییەکان ، *رەوتەکانی فێمینیزم چەمک و تیۆر و شرۆڤە* و: کارزان محەمەد، سلێمانی، چاپخانەی تەوار.
- موشیرزادە، حومەیرا .(٢٠٠٥) .*لە بزافەوە تا تیۆری کۆمەڵایەتی* وموراد حەکیم، هەولێر :دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی.
- مەزهەر، کەمال. (١٩٨١). ئافرەت لە مێژوودا، چاپخانەی الحوادث، بەغداد.
- هەنسن، هێنی هەرۆڵد. (١٩٨٠). کچانی کورد، و: ناجی عەباس ئەحمەد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری، بەغداد.
- هەنسن، هێنی هەرۆڵد. (١٩٨٣). ژیانی ئافرەتی کورد، و: عەزیز گەردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری، بەغداد.
- والتەرز، مارگەرێت .(٢٠٢١) .*فێمینیزم پێشەکییەکی زۆر کورت* .ز .ع .عومەر ,و: .سلێمانی :دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان.
- ئیبراهیم، هێرۆ محەمەد. (٢٠١٠). کۆمەڵەی زانستی ١٩٢٦-١٩٣٩، گۆڤاری مێژوو، ژ:١٤.
- ئەحمەد، رێبوار. (٢٠١٧). گاووریاخی داستانێک لە خەبات و یەکڕیزی چینی کرێکار، رۆژنامەی بۆ پێشەوە، ژ:
- مام جەلال.(٢٠١٧)، دیداری تەمەن لە لاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆمار، ئامادەکردنی سەلاح رەشید، چاپخانەی کارۆ،ب١.
- سالح، رەفیق. (٢٠٠٢). رۆژنامەی ژیان، یەکەم بەرگ، ژمارە: ١-٨١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- قەرەناوی، بەشدار عمر.(٢٠٢٢). رۆڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی ژنی کورد لە باشوری کوردستاندا ١٩٢١-١٩٥٨، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان**

- Hooks, Bell. (2000). Feminist is for Everybody, South End Press, Cambridge.
- Cavendish, Margaret & O'neill, Eileen. (2001). Observations upon experimental philosophy, Cambridge University Press.
- DeBerg, Betty A. (2000). Ungodly Women Gender and the First Wave of American Fundamentalism. Mercer University Press.
- Hewitt, Nancy A. (2002). A Companion to American Women"s History. United States: Blackwell Publishing.
- Jordan, Constance. (1990). Renaissance Feminism Literary Text and Political Models. Cornel University Press.
- Livingston, Charles H. (1923). The Heptameron des Nouvelles of Marguerite de Navarre: A Study of Nouvelles 28, 34, 52 and 62. Romanic Review, 14, 97.
- Marsh, Ian. (2006). Sociology, 4th ed, Pearson Education Limited, London.
- Moynagh, Maureen & Forestell, Nancy. (2012). Documenting first wave feminisms, collaborations and crosscurrents. University of Toronto Press, Canada.
- Osborne, Susan. (2008). Feminism the Pocket Essential Guide.
- Sheldrake, Philip. (2019). Julian of Norwich in God’s Sight, Wiley Blackwell.
- Staves, Susan. (2006). A Literary History of Women writing in Britain 1660-1789. Cambridge University Press.
- Stephens, Sonya. (2009). A History of Women Writing in France. Combridge Universty Press.
- Walters, Margaret. (2005). Feminism A Very Short Introduction. New York: Oxford University Press.

**سەرچاوە عەرەبییەکان**

- چامبل، سارة. (٢٠٠٢) .النسوية وما بعد النسوية، ت: احمد الشامی، القاهرة، المجلس الاعلى للثقافة.
- الخولی، یمنی طریف .(٢٠١٧) .النسوية والفلسفة العلم، القاهرة، مؤسسة هینداوی.
- رودگر، نرجس. (٢٠١٩) .فیمینزم الحركة النسوية مفهوما اصولها وتياراتها الاجتماعية، بيروت، دار مخطوطات العتبة العباسية المقدسة.
- سندی، بدرخان. (٢٠٠٢). المجتمع الكردی من منضور الأستشراقی، دار ئاراس للطباعة والنشر، اربیل.
- شرایمی، د. محمد، (١٩٩٧)، علم الأجتماع البئه، دار الجامعه للنشر والتوزيع، القاهره، مصر.
- شكارة، عادل عبدالحسسين،(١٩٧٥) نظرية هؤبهاوس في التنمية الأجتماعية، مطبعة دار السلام، بغداد.

- العزیزی، خدیجة.( ٢٠٠٥) .الاسس الفلسفیة للفكر النسوی الغربی،  بیروت، بیسان للنشر والتوزیع والاعلام.
- فارس الخطاب، نشأة الأحزاب السياسيه اليسارية الكبرى بالعراق رؤية تاريخية، www.arabi21.com, 01-Aug-2020, 02:08 PM.
- مینورسكی. (١٩٦٨). ألاكراد ملاحظات وانطباعات، ت: معروف خزندار، مطبعة النجوم، بغداد.
- واتكنز، سوزان ألس .(٢٠٠٥) .الحركة النسوية .ج .الجزیری، و: .القاهرة :المجلس الاعلى للثقافة.

**السياقات الاجتماعية للنسوية وأبعاد تطورها**

**فاطمة مراد ملا**
قسم علم الاجتماع، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين-
أربيل،اربيل إقليم كوردستان -العراق
arso42620@student.su.edu.krd

**محمد حسين شواني**
قسم علم الاجتماع، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين-
أربيل،اربيل إقليم كوردستان -العراق
Mohammed.mohammed1@su.edu.hrd

**الملخص**
النسوية هى حركات نسائية تدعو الى المساواة بين الرجل والمرأة. هذه الحركات ليست قديمة جدا مقارنة بتاريخ المشكلة، وانما الصراع بين الجنسين من اجل سيطرة أحدهما و تبعةي الآخر قديمة ، وكانت هذه الحركة تعبر عن احتجاجات النساء و مطالبتها بحقوقها المشروعة. النسوية كحركة اجتماعية أو كنسق من الافكار تعطى الشرعية لهذه الحركة، كنموذج لعمل اجتماعى. تركز هذه الدراسة على السياقات الاجتماعية لهذه الحركة ومراحل تطورها. الهدف من الدراسة هو توضيع أسس الاجتماعية للظهور النسوية وابعدها وكيفية النمو المتطلبات التى كانت تناضل النساء من اجلها، وخاصة خلال عصر النهضة الاوروپية والتغيرات الاجتماعية وانعكاسها على ترتيب وتنظيم المرأة لنفسها والنضال من اجل المساواة. وعلاقة هذه الحركات بالثورة الصناعية وعمل المرأه خارج المنزل، التى غيروا النظام الاجتماعى للمجتمع، وهو الى حد ما يساوى عمليا بين واجبات المرأة واالرجل فى المصانع. وفى النهاية جعلوا المرأة متساوية مع الرجل فى بعض الحقوق. ولكن في المجتمع الكوردي لم تحدث هذه التغييرات العميقة لذا لم يطرا على بنيته الآجتماعية و نظامه الآقتصادي تغير يذكرو لم يشهد ظهور هذه الحركات التي تطالب بحقوق المرأءة.

**الكلمات المفتاحية:** السياق الاجتماعى، النسوية، البعد، التطور

**The Social Contexts of Feminism and the Dimensions of its Development**

**Fatima Murad Mala**
Department of Sociology, College of Art,
Salahaddin University-Erbil, Erbil, Kurdistan
Region, Iraq
arso42620@student.su.edu.krd

**Mohammed Hussein Shwani**
Department of Sociology, College of Art,
Salahaddin University-Erbil, Erbil, Kurdistan
Region, Iraq
Mohammed.mohammed1@su.edu.hrd

**Abstract**
Feminism refers to movements that demand equality between men and women. The emergence of these movements is not very old compared to the history of the problem, but struggle between the two sexes over the supremacy of one and the backwardness of the other and the expression of dissatisfaction by women is very old. Feminism both as a social movement and a set of ideas, that legitimize it is an example of collective action. This study focuses on the social contexts of the movement and its stages of development. The aim of the study is to explain the social contexts for the emergence of feminism and how the demands for which women struggled development, especially the renaissance in Europe and social changes and its impact on women's self-organization and the struggle for Equality. These were linked to the industrial revolution and women's work outside the home which fundamentally changed the social life in society. Practically equalizing women's duties with men in factories eventually, it made to same extent women equal to men in rights. but in Kurdish society these profound changes did not occur, so there was no change in its social structure and economics system. Therefore, has not seen the emergence of movements demanding women's rights. Social relationships between individuals, society, and nature are challenging within urban confines.
**Keywords:** Social Context, Feminism, Distance, Development.